### پەیامی مەکتەبی سەرۆک بۆ گۆڤاری گوڵان:

# گوڵان ئەو شانازییەی هەیە کە متمانە پێکراوترین گۆڤاری سیاسییە لە کوردستان

بەبۆنەی بسیت و چوارهەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان، مەکتەبی بەڕێز سەرۆک بارزانی پەیامێکی ئاراستەی سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە کردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەڕێزان سەرنووسەر و ستافی گۆڤاری گوڵان

سڵاو و ڕێز.

بەبۆنەی بیست و چوارەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی خۆشەویست دەکەین.

ئێوە ئەو شانازییەتان هەیە کە گۆڤارەکەتان تەمەندرێژترین و پڕخوێنەرترین و متمانەپێکراوترین گۆڤاری سیاسییە لە کوردستان. کارکردن لە گۆڤارێک کە ئەرکی پاراستنی متمانە و بڕوابەخۆبوونی تاکەکانی گەلەکەی لەئەستۆ گرتووە، خەباتێکی پڕ سەروەرییە، بەتایبەتییش کە سەرەڕای دۆخی خراپی ئابووری، ئێوە ماندوویی نەناسانە بەردەوام بوون و بە گیانێکی پێشمەرگانەوە درێژەتان بەکارەکانتان دا.


گوڵان جگە لەوەی گۆڤارێکی سیاسییە و ڕۆشنبیریی گشتی بڵاو دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا وەک ناوەندێکی گرینگی دیالۆگ و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی سیاسی کاری کردووە و بووەتە پردێک بۆ پێکەوە بەستنی ڕۆشنبیرانی کوردستان و دەرەوە و ناوەندێک بۆ دیالۆگی بیروڕا جیاوازەکان. جێی پێزانین و دەستخۆشییە کە سەرەڕای هەموو ئەو کارانە گوڵان بە چاپکردنی ژمارەیەک کتێب و لێکۆڵینەوەی سیاسی خزمەتێکی زۆری بە کتێبخانەی کوردی و ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان کردووە.

هیوادارین ستافی ماندووی نەناسی گوڵان هەر بەو ڕوحییەتە پێشمەرگانەیە بۆ بڵاوکردنەوەی هەستی بڕوابەخۆبوون و نیشتمانپەروەری بەردەوام بن.

بەو هیوایەی ساڵی نوێی تەمەنی گۆڤارەکەتان، ساڵی بەردەوامی و پێشکەوتنی زیاتر بێت. دەستخۆشیتان لێ دەکەین و ئومێدی سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین.

مەکتەبی سەرۆک

٢١ی٤ی٢٠١٨



### پەیامی فازڵ میرانی
### سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان:

# گوڵان گەشەکردنێکی دیاری بە خۆیەوە بینیوە و سەنگ و جێگای تایبەتیی خۆی هەیە

*بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٤ ساڵ بەسەر دەرچوونی گۆڤاری گوڵاندا، بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە کردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی:*

بۆ/ برای بەڕێز و خۆشەویست کاک فرهاد محمد سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان
بەڕێزان: نووسەر و ستافی گۆڤاری گوڵان

بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٤ ساڵ بەسەر دەرچوونی گۆڤاری گوڵان کە هاوکاتە لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە میسر بەناوی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی یەکە یەکەی ئێوەی خۆشەویست و هەموو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم.

هەروەک چۆن گوڵان ڕۆڵی دیارو بەرچاوی لە ڕێڕەوی ڕۆژنامەنووسی ئازادی کوردیدا هەیە، هیوادارم لە دەسپێکی ساڵی نوێدا و بە خەمخۆریی ئێوە سەرەڕای ئەم قەیرانە ئابوورییە بە گوڕو تینی زیاتر بەردەوام بێت لە گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی بە خوێنەرانی خۆی.

هەروەها روون و ئاشکرایە کە گوڵان گەشەکردنێکی دیاری بەخۆیەوە بینیوەو سەنگ و جێگای تایبەتی خۆی هەیەو چووەتە قۆناغێکی نوێ و بووەتە سەرچاوەیکی باش بۆ زانیاری و بڵاوکردنەوەی ڕای راستەقینە و بەرزڕاگرتنی پرەنسیپ و ئەخلاقیەتی ڕۆژنامەنووسی و بووتە جێگای متمانەی کەسانی بەئەزموونی ناوخویی و بیانی بۆ بڵاوکردنەوەی نووسینەکانیان و، دەوڵەمەندە لە لێکۆڵینەوە و دیمانەو ڕاپۆرتی شیکاری.

هیوادارین هەر بەو شێوەیە لە پێشکەوتن و خزمەتکردنی پرۆژەی نەتەوەیی بەردەوام بن و سەرکەوتوو بن.

فازل میرانی
سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

### پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
### بە بۆنەی(٢٤)ەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان:

# گوڵان بە گیانی دیالۆگ و رەخنەگرانە خزمەتی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستانی کردووە

***مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی بیست و چوارەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان، پەیامێکی ئاراستەی سەرنووسەر و تەواوی ستافی گوڵان کردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی:***

هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان
هەڤاڵان، سکرتێری نووسین و سەرجەم ئەندامانی ستافی نووسین و هونەری لە گۆڤاری (گوڵان)

بەبۆنەی (٢٤)ەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان)، گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوە و نووسەران و خوێنەرانتان دەکەین، وێڕای هیواخوازیی بەردەوامیی و پێشوەچوونی زیاتر، مایەی شانازییشە کە رۆژنامەگەریی کوردی خاوەن گۆڤارێکی وەک (گوڵان)ە، کە ئەمەش بە بێگومان بۆ هەوڵ و کۆشش و شەونخوونیی ئێوە دەگەڕێتەوە.

گۆڤاری (گوڵان) بەپێی سیستەم و پرۆگرامێکی رێکوپێک و تایبەت بەخۆی کاری کردووە بۆ خزمەتکردنی کایەکانی رۆژنامەگەری و رۆشنبیری، کە ئەمەش دەستکەوتێکی دیکەیە بۆ رەوتی رۆژنامەگەریی کوردیمان، لەو بوارەشدا جێدەستی دیارە لە سەر گۆڕەپان و لە نێو کاروانی رۆژنامەوانیی و کاری میدیاییدا.

(گوڵان) پێگەی شایستەی خۆی هەیە لە نێو توێژی رۆشنبیرو ئەکادیمیستاندا، ئەمەش دیوێکی دیکەی ئەو خزمەت و بەخششەیە، کە پێشکەشتان کردووەو ئەو بوارەشتان بە بەرهەمی تێروتەسەل دەوڵەمەندتر کردووە.

(گوڵان) وەک هەفتەنامەیەکی دیارو بەرچاو و بەو رێبازە نەگۆڕ و جێگیرەی توانیویەتی ژمارەیەکی یەکجار زۆری توێژەر و نووسەر وئەکادیمی ناسراوی عەرەبی و بیانی و جیهانی بە یەکەوە کۆبکاتەوە، بۆیە لەو رووەوەش تایبەتمەندی و دانسقەیی خۆی سەلماندووە، هەروەها لە رووی ئیتیکی پیشەوەرانەوە گۆڤاری (گوڵان) پەیڕەوی رەوتێکی راست و دروستی کردووە و بە گیانی دیالۆگ و رەخنەگرانەوە خزمەتی دۆزی رەوای گەلەکەمان و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کردووە.

جارێکی دیکە بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی و پشتیوانی خۆمان بۆ سەرخستن و بەردەوامیی و زیاتر پێشخستنی گۆڤاری (گوڵان) دووپات دەکەینەوە، جەختیش دەکەینەوەسەر ئەوەی کاروئەرکی رۆژنامەوان و رۆشنبیران پاڵپشتی و داکۆکیکردنە لە کێشە رەواکانی گەلەکەمان و گەیشتنی بە مافەکانی.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠١٨/٤/٢١

**پەیامی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**بە بۆنەی (٢٤)ەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان:**

# گۆڤاری گوڵان خاوەنی مۆرکێکی رەسەن و نەتەوایەتییە و ئەمەش بۆ رۆژنامەگەری کوردی جێگەی شانازییە

*دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٤ ساڵ بەسەر دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان)، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی ستافی گۆڤارەکە کردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی:*

هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان

هەڤاڵان، سکرتێری نووسین و تێکڕای ئەندامانی ستافی نووسین و هونەری لە گۆڤاری (گوڵان)

بە بۆنەی(٢٤)ەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان) پیرۆزبایییەکی گەرم لە ئێوەو خوێنەرانتان دەکەین، دەستی هەوڵ و ماندووبونتان دەگوشین، ئومێدەوارین لەمەودواش بەهەمان گیانی لەخۆبردوویی و دڵسۆزانەتان بەردەوام بن و لە گشت روویەکەوە بەرەوپێش بچن.

رێڕەوی رۆژنامەوانیی کوردیمان زنجیرەیەکە لە هەوڵ و هیممەت و قوربانیدان، گۆڤاری (گوڵان) یش لەو قافڵەیەدا ئەزموونێکی گەش و تازەی هێنایە ئاراوەو سەلماندی کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە خزمەتگەیاندن بە بواری رۆشنبیری و مەعریفیمان، لە خستنەڕوو و گەیاندنی پەیامی رەوای ئەو ئەزموونەمان بە دەوروبەر و جیهان.

گۆڤاری(گوڵان) لەو ماوەی کارکردن و تەمەنی بەخششیدا بە گوێرەی پلان و بەرنامەیەکی سەرکەوتووانە توانیویەتی جێگەی شیاو و شایستەی خۆی لەسەر پانتایی کاری رۆژنامەگەریی بگرێ، بۆیە هەردەم نموونەیەکی نوێی داهێنەرانەیەو لە پێشەنگدایە و مایەی شانازییە بۆ رۆژنامەگەریی کوردی. گۆڤاری (گوڵان) سەلماندوویەتی کە خاوەن مۆرکی کولتوورێکی رەسەن و نەتەوایەتییە، هەروەها بنەماکانی کاری رۆژنامەوانی لە رووی راستگۆییەوە ئەرێییانە پیادە دەکات.

جارێکی دیکە بەو بۆنەیەوە پشتیوانی خۆمان بۆ پێشکەوتن و بەردەوامبوونی گۆڤارەکە دووپات دەکەینەوە. ئومێدەوارین بۆ ساڵی داهاتووش هەردەم ئەو سەکۆیە دیاروبەرچاوەی رۆژنامەگەریی کوردی بن.

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠١٨/٤/٢١

### پەیامی پیرۆزبایی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان:

# گوڵان گۆڤارێکی پێشەنگە لە برەودانی هۆشیاریی سیاسی و پاراستنی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان لە کوردستاندا



*بە بۆنەی بیست و چوارەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان، بەڕێز د.جەعفەر ئێمینکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە کردووە و ئەمە دەقەکەیەتی:*

بەڕێزان سەرنووسەر و نووسەران و سەرجەم کارمەندانی گۆڤاری گوڵان

بەبۆنەی بیست و چوارەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤارە بەڕێزەکەتان (گۆڤاری گوڵان)، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین و ئۆمێدەوارین هەمیشە لە سەرکەوتندا بن لە ئەرکی گەیاندنی پەیامی گەلی کوردستان.

بێگومان، گوڵان گۆڤارێکی پێشەنگە لە برەودانی هۆشیاری سیاسی و رۆشنبیری و پاراستنی گیانی برایەتی و تەبایی و ئاشتی و پێکەوەژیان لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا و خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندی کاری ڕۆژنامەگەرییە، هەروەها رۆڵێکی سەرەکی و سەرکەوتووش دەگێڕێت بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان، ئەمەش بۆ دڵسۆزیی سەرنووسەر و ستافی نووسینی ئەم گۆڤارە دەگەڕێتەوە.

دووبارە هیوای سەرکەوتنی بەردەوامتان بۆ دەخوازین.

جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

### خالید هادی چاوەشلی سەرۆکی دیوانی چاودێری و دارایی:

# هیوادارین بەردەوام بن لە گەیاندنی راستییەکان و بڵاوکردنەوەی مەعریفە و زانیاری



*بە بۆنەی بیست و چوارەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان، بەڕێز خالید هادی چاوشلی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و تەواو ستافی گوڵان کردووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:*

بەڕێزان سەرنووسەر و کارمەندانی گۆڤاری گوڵان

بە بۆنەی ٢٤ەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمانتان ئاراستەی دەکەین و هیوای سەرکەوتن و داهێنانی زیاترتان بۆ دەخوازین.

هیوادارین وەک چۆن پێشتر لە راپەڕاندنی ئەرکەکانتان پرۆفیشناڵانە کارتان کردووە، لە داهاتووش بە هەمان شێوە بەردەوام بن لە کارەکانتان و گەیاندنی راستییەکان و بڵاوکردنەوەی مەعریفە و زانیاری.

خالید هادی چاوشلی
سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی



سەرۆ قادر بۆ گۆڤاری گوڵان:

# گوڵان سەرباری نەشاردنەوەی لایەنگریی خۆی لە پابەندبوون بە ڕێبازی بارزانی، بوارێکی فراوانی بۆ ڕای جیاجیا کردەوە و دیفاعی لە پێگەی دەنگە ڕەخنەگر و ئۆپۆزسیۆنەکان کردووە

*بەڕێز سەرۆ قادر، یەکەمین سەرنووسەری گوڵان و یەکێک لەدامەزرێنەرانی دەزگای گوڵان، بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٤ ساڵ بەسەر دەرچوونی گۆڤاری گوڵاندا، پەیامێکی پیرۆزبایی ناردووە و ئەمە دەقەکەیەتی:*

گۆڤاری گوڵان یەکێکە لەو پڕۆژە ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنییانەی کوردستان کە لە ماوەی بیست و چوار ساڵی ڕابردوودا خزمەتێکی زۆری بە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی خەڵکی کوردستان کردووە، بۆیەش خۆم بە شەرەفمەند دەزانم کە دامەزرێنەر و یەکەمین سەرنووسەری بووم. ئەم گۆڤارە شانازیی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی ڕۆژنامەنووسی و میدیایی کوردستانی هەیە، ئەویش پێشکەشکردنی جۆرێکی گونجاو لە میدیای نائۆرگانی حزبی بوو.

گوڵان سەرباری نەشاردنەوەی لایەنگریی خۆی لە پابەندبوون بە ڕێبازی بارزانی، بوارێکی فراوانی بۆ ڕای جیاجیا کردەوە و دیفاعی لە پێگەی دەنگە ڕەخنەگر و ئۆپۆزسیۆنەکان کردووە. ئەو ڕێبازە ئێستاش وەک ئامانجی سەرەکیی گوڵان بەردەوامە.

هەبوونی گۆڤارێک کە بیروڕا بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی کوردستان پێشنیار دەکات، پێویستییەکی دیارە، بە هەمان ئەندازەش پێگەیاندنی کادری شارەزا لەو بوارە نوێیەدا ئەرکێکی سەخت و پیرۆزە. گوڵان لەو پێناوەدا کارێکی زۆری کردووە و شانازییەکی زۆری پێ بڕاوە. ڕێباز و نووسەرەکانی گوڵان لە هەموو دەزگاکاندا دەبیندرێن.

هیوادارم گوڵان لەسەر ئەم ڕیبازە بەردەوام بێت و پێشکەوتن و گەشانەوە بۆ گۆڤارەکە دەخوازم.

سەرۆ قادر




# خەڵکی کوردستان بە دەنگەکانیان پێناسەی سەنگ و شکۆی پارتی دەکەنەوە




# رزگار ئەژی گۆران

**کاندیدی ژمارە ١**
**لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان**

بۆ پاراستنی کەرامەتی تاکی کورد و داکۆکیکردن لە مافە رەواکانی گەلی کورد بەگشتی و جووڵاندن و کارکردن لەسەر ئەو کەیسانەی پەیوەستن بە گوزەرانی خەڵک و قەرەبووکردنەوەی زیان لێ کەوتووانی کوردستان بە هۆی حوکمی دەیان ساڵەی عێراق و سیاسەتی شۆڤێنییانەی رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، هەروەها بۆ تۆمارکردنی هەڵوێستی مێژوویی و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دەرئەنجامەکانی ریفراندۆم، هەتا بکرێت بە رێگەیەکی ئاشتیيانە دەنگ دەدەین بە پارتی دیموکراتی کوردستان.



**ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، لە ئاکامی پێشێلکردنی دەستووری عێراق و بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان هاتەئاراوە، ووەڵامدانەوەیەک بوو بۆ ئەوەی چیتر قبووڵ ناکرێت بەزۆر کوردستان بە عێراقەوە بلکێندرێت، یان ئەوەیە عێراق، نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بێت، یان بڕیاری خۆمان دەدەین و خۆمان وڵاتی خۆمان بەڕێوە دەبەین و بونیادی دەنێینەوە**

**● پارتی شانی داوەتە بەر بەرپرسیاریەتییەك ویژدانی خەڵکی کوردستان ئاسوودە دەکات**

لەوانەیە باشترین دەستپێك بۆ خوێندنەوەی گرنگیی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق، ئەو پرسیارە بێت کە دەڵێت: پارتی دیموکراتی کوردستان کە ڕێبەرایەتی پرۆسەی ریفراندۆمی کرد، بۆچی بەشداری لەم هەڵبژاردنانە دەکات؟ یان، ئایا پارتی چ هیوایەکی بەم هەڵبژاردنە هەیە و ئایا لەو بڕوایەدایە ئەقڵیەتی حوکمڕانی لە عێراقدا گۆڕاوە، یان دوای ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟

دیارە وەڵامی زۆر سادە بۆ ئەم پرسیارانە، ئەوەیە کە: ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا نەکات، کێن ئەو لایەنانەی نوێنەرایەتی کورد لەسەر ئاستی عێراق دەکەن؟ ئایا بەبێ شکۆ و پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو لایەنانەی دژی مافە دەستوورییەکانی خەڵك و مانەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانن، باڵا دەست نابن؟ یان تەنانەت ئەو لایەنانەشی کە لە هێڵە نیشتمانییەکە لایان نەداوە و بەرگری لە مافەکانی خەڵك و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئایا بەبێ هێزی پارتی و بەبێ پارتی دەتوانن ئەو سەنگەرە بەهێزە دروست بکەن و بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن؟

ورووژاندنی ئەم پرسیارانە، تۆمەت بەخشینەوە، یان پڕوپاگەندەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن نین، بەڵکو بەبیرهێنانەوەی راستییەکی مێژوویی و پەندوەرگرتنە لە مێژوو. لە مێژووی نزیکەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا، دوو رووداوی هاوشێوەی یەك هەیە کە ئەوانیش بریتین لە:

١- شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠، ئەم شەڕە لەسەر ئەوە بەرپا بوو کە بەبێ رەزامەندیی خەڵکی کورستان، عێراق بە کوردستانیشەوە بووە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، ئەمەش بەو مانایەی کوردستان بە زۆر لکێنرا بە عێراقەوە.

٢- ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، ئەم پرۆسەیەش لە ئاکامی پێشێلکردنی دەستووری عێراق و بڕینی بوودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان هاتەئاراوە، وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ ئەوەی چیتر قبوولْ ناکرێت بەزۆر کوردستان بە عێراقەوە بلکێندرێت، ئەمەش یان ئەوەیە (عێراق، نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بێت، یان ئەوەتا بڕیاری خۆمان دەدەین و خۆمان وڵاتی خۆمان بەڕێوە دەبەین و بونیادی دەنێینەوە).

خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دوو رووداوە ئەوەیە، کە دەسەڵاتدارانی رژێمی پاشایەتی لە سییەکانی سەدەی رابردوو، هەروەها دەسەڵاتدارانی رژێمی شیعەگەرا لە سەدەی بیست و یەکدا، بە ئاگر و ئاسن وەڵامی خواستی خەڵکی کوردستانیان دایەوە و لە هەردوو رووداوەکەشدا، پۆلێکی دیکەی رۆڵەی ئەم وڵاتە لە پێناوی سەروەریی و ئازادی کوردستاندا شەهید بوون. بەڵام لە هەردوو رووداوەکەدا خەڵکانێکی کوردزمانی نانیشتمانی هەوڵیانداوە کە خوێنی شەهیدانی کوردستان، لەبەردەم عەرشی عێراقیدا هەراج بکەن، هەروەك چۆن پیرەمێردی نەمر، سەبارەت بە (شاندی میللەت فرۆشان) هۆنراوەیەکی بەرزی نووسیوەو دەڵێت:

*وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان*
*هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان*
*دەسکێ لە گوڵەکەی باخچەکەی سەرا*
*کە بە خوێناوی میللەت ئاو درا*
*ببەنە خزمەت، عەرشی عێراقی*
*بڵێین یار باقی، هەم سوحبەت باقی*
*تارای خوێنی سوور، بەرن بۆ ئەمیر*
*بڵێن پاش کوشتار هێشتا تۆی دڵگیر؟*
*دەك خەجاڵەت بن لە رووی مەحشەرا*
*ئێمەش خاکی غەم ئەکەین بە سەرا*
*خەیاڵتان خاوە، کورد نەفەوتاوە*
*بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە*
*من رەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ*
*مژدەی شەفەقی لێ دەرئەکەوێ*

لەو هۆنراوە بەرزەدا، پیرەمێرد، زۆر راشکاوانە وردەکاری ئەو خەڵکە خۆفرۆشانەی خستۆتەڕوو کە چوونە لای دەسەڵاتدارانی عێراق و پاکانەیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردووە، هەر بۆیە ئەگەر ئەو کات وەك ئێستا هێزێکی گەورەی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوایە، هەروەك چۆن لە پردێ و سحێلا و مەحموودیە لووتی هێزی داگیرکەری شکاند و سەروەریی قەوارەی

**لەدوای هێرشی هێزەکانی عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بە پشتیوانیی سوپای پاسداران بۆ سەر کوردستان، هەڵوێستی ئەمریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا و ناتۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، زۆر راشکاوانە پێداگیریکردن بووە لەسەر هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و بەردەوامیدان بە دیالۆگ و پابەندبوون بەدەستووری عێراقەوە**

سیاسیی هەرێمی کوردستانی پاراست، ئەوا ئەو خەڵکە خۆفرۆشەی، پیرەمێرد بە «وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان» ناویان دەبات، نەیاندەتوانی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکەن و پاکانە لە خوێنی شەهیدانی بەردەرکی سەرا و تەواوی خوێنی شەهیدەکانی کوردستان بکەن و بە داگیرکەرانی کوردستان بڵێن: ببوورن هەڵە بووین، داوای سەربەخۆیی کوردستانمان کرد.

وەرگرتنی پەند و وانە لە رووداوی شەڕی بەر دەرکی سەرای سلێمانی و دوای ئەوەیش هونراوەی (وەفدی میللەت فرۆشان)، قسەکانی چەند رۆژی رابردووی یوسف محەمەد سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی گۆڕان-مان بیردەخاتەوە، کە ئەویش گوتوویەتی: «دەبێت ریفراندۆمچییەکان دادگایی بکرێن.»

بەکارهێنانی چەمکی «ریفراندۆمچی»، بۆ پرۆسەی راپرسی کە زیاتر لە ٩٣٪ خەڵکی کوردستان بە (بەڵێ) دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە، سووکایەتیکردنێکی ئاشکرایە بە خوێنی هەموو شەهیدان و سەرجەم شەهیدانی شۆڕشەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموویان لە پێناوی سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان بایکۆت بکات، کە بەتەنیا نزیکەی (٥٠٪)ی کۆی کورسییەکانی پشکی کوردستانی لە پەرلەمانی عێراقدا هەیە، ئایا ئەو کورسییانە بۆ ئەو خەڵکە خۆفرۆشانە نابن کە هەر لە ناو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە، بێ شەرمانە سووکایەتی بە خوێنی شەهیدانی کوردستان دەکەن؟ یان ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان بایکۆت بکات، ئایا ئەو خەڵکە نانیشتمانی و خۆفرۆشانەی هاوشێوەی (یوسف محەمەد) نابنە زۆرینە و بە هەمان شێوەی وەفدە میللەتە فرۆشەکەی دوای شەڕی بەردەرکی سەرا، پاکانە لە مافەکانی خەڵکی کوردستان ناکەن؟

رووداوەکانی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی رابردوو و هەڵوێستی میدیاکانی (گۆڕان و کۆمەڵ و یەکێتی نیشتمانی و ئێن ئارِ تی)، رووی راستەقینەی ئەو خەڵکانەمان پیشان دەدا کە چۆن کەرکووکیان تەسلیمی سوپای داگیرکار

✓ ١٨٤





# د. ڤیان سەبری

**کاندیدی ژمارە ١**
**لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**لەبەر ئەم هۆکارانە دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین:**
**پێگەهی پارتیێ دزیادبوونێدا ب تایبەتی پشتی خیانەتا ١٦ ئۆکتوبەر و بەرگریا قەهرەمانین پارتی و بارزانی ل خاکا هەریما کوردستانی و چەندین شەهیدێن قەهرمان ژدەست دان و هەمی خەلکی کوردستانێ باش دزانن کە تەنها پارتی بەرگریی ل مافێ ملەتێ کورد دکەت.**
**دەنگدان بۆ لیستا پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە ب پارێزەرێ مافێ شەهیدان و خوینا شەهیدان و دەنگدانە بۆ**
**لیستا پارێزەری ل مافی ملەتی کورد و ریفراندۆم و سەربەخۆبوونی کوردستانێ و لیستا هەمی دەسکەڤتین هەرێما کوردستانی.**



کـرد، دوای ئەویـش بینیمـان چـۆن هەمـوو ئـەو میدیایانـە بوونـە زوڕنـای میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی و لەبـەرەی دوژمنـەوە و بـۆ بەرژەوەنـدی هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی، رووماڵـی بـەرەی شـەڕیان لـە قۆڵـی (پـردێ)وە دەکـرد و سـات بـە سـات هەواڵـی سـەرکەوتنی میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی و پاشەکشـەی پێشـمەرگەیان بـڵاو دەکـردەوە، بـەڵام سـوپاس بـۆ خـوا نـەك هـەر هێـزی پێشـمەرگە پاشەکشـەی نەکـرد، بەڵکـو بـە دەیـان هامـەر و زرێپـۆش و تەنانـەت تانکـی ئابرامـزی ئەمریکییـان تێکشـکاند، لـەدوای ئـەم قۆڵـەش لـە رۆژانـی **٢٠-٢٦** ئۆکتۆبـەری رابـردوو لـە بـەرەی شەڕەکانی سـحێلا و مەحموودیە، بەتەواوەتی لووتی میلیشیاکانی حەشدی شەعبییان تێکشکاند و ئەو میدیـا کوردیانەشـی خۆیـان کردبـووە زوڕناژەنـی دوژمنـان، بێدەنـگ کـران.

پرسـیاری گرنـگ لێـرەدا ئەوەیـە، ئەگـەر هێـزی پێشـمەرگەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان،




# ئازاد حەمەدەمین خۆشناو

**کاندیدی ژمارە ١٨**
**لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان**

بەبێ پارتی کورد لە عێراقدا ناتوانێت خاوەنی ناسنامەو مافە دەستووری و یاساییەکانی خۆی بێت و بودجەو مووچەی خەڵکی کوردستان دابین بکرێت.

پارتی لەتوانایدا هەیە کورد یەکڕیزو یەکدەنگ بکات و فشار دروست بکات بۆ هەڵگرتنی هەموو ئەو سزاو بڕیارانەی کە لەدژی کورد لە عێراقدا دراوە.

شەهیدو قوربانییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان شاهیدی ئەو ڕاستییەن کە پارتی لە ڕیزبەندی پێشەوەی ئەو حزبانەیە کە زۆرترین قوربانی و شەهیدی لە پێناو مافەکانی گەلی کوردو پارێزگاریکردن لە خاک و نەتەوە بەخشیوە.



قارەمانانە داکۆکی لەخاکی کوردستان نەکردایە و بە خوێنی ڕۆڵەکانی، داستانەکانی (پردێ و مەحموودیە و سحێلا)ی تۆمار نەکردایە، ئایا ئێستا قەوارەیەکی سیاسی بە ناوی (هەرێمی کوردستان ) بوونی دەبوو؟ ئایا ئێستا هەموو کوردستان، بە هاوشێوەی کەرکووك داگیرنەکرابوو؟ ئایا بە هاوشێوەی بارودۆخی ئێستای کەرکووك هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکیش قەدەغە نەدەکرا؟

**شەڕی عێراق لە ناوەندەکانی ئەمریکادا بە شەڕی (٣ ترلیۆن دۆلار) ناو دەبردرێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەو شەڕەیە کە بەتەنیا ئەمریکا زیاتر لە ٣ ترلیۆن دۆلاری تیا خەرجکردووە و زیاتر لە (٥,٠٠٠) سەربازی ئەمریکی کوژراون و زیاتر لە (٥٠,٠٠٠)یش بریندار بوون، بەڵام دەستکەوتی ئەم شەڕەش هەر ئەوەیە کە فەرماندەکانی میلیشیا شیعەکانی عێراق ئاڵای ئەمریکی دەخەنە ژێرپێوە و هەڕەشەی دەرکردنی ئەمریکا دەکەن**

خەڵکی کوردستان زۆر لەوە هۆشیارترە کە خەڵکانێکی خۆفرۆش و نیشتمانفرۆش، خۆڵ بکاتە چاویانەوە، هەموو لایەك ئەو راستییەی بۆ ئاشکرا بووە کە ئێستا هەموو حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، لەسایەی هێز و شکۆی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەتوانن بە ئازادی هەڵمەتی هەڵبژاردن بکەن و بە ئازادی ئاڵای کوردستان هەڵبکەن، خەڵکی کوردستان هەڵوێستی هەموو ئەو حزبە سیاسییانەی بینیوە کە ئێستا لە کەرکووك بانگشەی هەڵبژاردن دەکەن و دەزانن چۆن بەدەستی هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە زەلیل کراون و تەنانەت ناتوانن بەرگری لە کەرامەتی ئەندامەکانی خۆیان بکەن و دەبێت بەپێی ئەو بەرنامەیە بجووڵێنەوە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆی داناون.

جیاوازیی نێوان هەرێمی کوردستان و کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان، ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان بە هێزەوە بوونی هەیە، بۆیە خەڵکی کوردستان هەست بە سەربەرزی و شکۆ دەکەن، لە ناوچە داگیراوەکاندا، پارتی بوونی نییە، بۆیە نەك هەر خەڵکی ناوچەکە، بەڵکو ئەو حزب و هێزە سیاسییانەشی لەو ناوچانە بوونیان هەیە، زەلیل و ریسوا بوون بەدەست هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە و خۆشیان ئەم راستییانە ناشارنەوە.

کەواتە خەڵکی کوردستان دەزانێت بۆچی لەسەر سندوقەکانی دەنگدان، دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدات. هەروەها دەزانێت، ئەگەر پارتی بەهێز نەبێت، ئەوا نەك هەر تاکەکانی خەڵکی کوردستان، بەڵکو حزبەکانی دیکە نەك هەر ناتوانن بەرگری لە خەڵکی کوردستان بکەن، بەڵکو وەك ئێستا لە کەرکووك دەبینین، ناتوانن بەرگری لە خۆیان و بارەگاکانیشیان بکەن.

### ● هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق و وروژاندنەوەی پرسیاری جددی لەسەر کێشە گەوهەرییەکان

کێشەی خەڵکی کوردستان لە هەر چوارپارچەکە، کێشەی بودجە و مووچە نییە لەگەڵ حکومەتەکانی ئەو دەوڵەتانە، هەر یەك لەو حکومەتانە لە هەر چوار وڵاتی (عێراق و تورکیا و سووریا و ئێران) بارتاقای چەندین جاری ئەو مووچەیەی دەدرێتە خەڵکی کوردستان، بودجەیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی شۆڕشەکانی کوردستان سەرکوت بکەن و خەڵکی کوردستان لە مافەکانی خۆیان بێبەش بکەن.

دیارە ماوەی چوار ساڵە حکومەتی عێراق لەسەر راسپاردە و پێشنیاری چەند کەسانێکی کینە لەدڵ، دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و قەوارەی هەرێمی کوردستان، بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕیوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بخاتە ژێر ئەو گوشارەی کە لە پێناوی مووچەدا، کێشە گەوهەرییەکانی کوردستانی لەگەڵ عێراق لە بیر بچێتەوە.

لەبەرامبەر ئەو غەدرە گەورەیەی حکومەتی بەغدا لە خەڵکی کوردستانی کردووە، زۆربەی حزبە سیاسییەکان لەبری ئەوەی ئامرازێك بن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و چاککردنی بژێوی ژیانی فەرمانبەران و خەڵکی کوردستان، کەچی زۆر بەداخەوە، دەستخۆشی لە حکومەتی بەغدا دەکەن و بودجە و مووچەیان کردۆتە چەکێك دژی حکومەت و پارتی دیموکراتی کوردستان بەکاری دەهێنن، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لە پێناوی مووچەدا، ملکەچ و زەلیلی دەسەڵاتدارانی بەغدا بکەن.

پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بەباشی لە نەهامەتی و خەمەکانی خەڵکی کوردستان تێدەگات و لەم پێناوەشدا هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی هەر چۆنێك بێت بەپێی سیستمی پاشەکەوت بەشێك لە مووچە بۆ فەرمانبەرانی کوردستان دیاری بکات، هەروەها زۆر بە باشیش لە فیتنەی ئەو لایانانەش تێدەگات کە چۆن لە ناخی رق و کینەوە، ئەم نەهامەتییانە بۆ بەرژەوەندی حزبیی خۆیان بەکار دەهێنن.

حکومەتی عێراق بەگشتی و بەتایبەتی حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی، لەمیانی پشتگوێخستنی داواکارییەکانی (فراکسیۆنی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵی ئیسلامی) لە ساڵانی رابردوو کە داوایان دەکرد، مووچەی پارێزگای سلێمانی بە تەنیا بنێرێت، یان مووچەی فەرمانبەرانی پارێزگای سلێمانی بە بەغداوە گرێ بداتەوە، وەڵامی تەواوی ئەو حزبانەی داوەتەوە کە ئەو داوایەیان لێکردووە، راشکاوانە پێی گوتوون: ئامانجی ئێمە لە بڕینی بەشە

**پارتی دیموکراتی کوردستان بە پشت بەستن بە خوا و ئیرادەی گەلی کوردستان، بە تەواوەتی لە خۆی دڵنیایە کە لەم هەڵبژاردنەدا هێزی سەرەکی دەبێت لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە و لەگەڵ لایەنە نیشتمانییەکان و نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان، نوینەری سەرەکی و راستەقینەی خەڵکی کوردستان دەبن لە پەرلەمانی عێراقدا**

بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان، ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان ناچار بێت دەست لە کێشە گەوهەرییەکانی خەڵکی کوردستان لە عێراقدا هەڵبگرێت، بۆیە هەتا پارتی لە ژێر باری ئەو گوشارەی بەغدا خۆی بگرێت، ئەوا عەبادی راشکاوانە بە هەموو حزبەکانی سلێمانی وتووە، هەڵوێستەکانی ئێوە بۆ بەغدا هیچ نرخێکی نییە.

دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلوولی رابردوو، حکومەتی عێراق بە هاوکاری سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و چەکدارانی حزبولڵای لوبنانی، هەوڵیاندا بە رێگەی تاقمێکی خیانەتکار، پەلاماری کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بدەنەوە، بناخەی ئەم رێککەوتنەی سوپای پاسداران و حزبولڵای لوبنانی و هێزەکانی عێراق لەسەر ئەوە بووە کە ئەم پیلانە بکەنە کوتادەیەك و کۆتایی بە پارتی لەکوردستاندا بهێنن، پاشان لەبری پارتی مامەڵە لەگەڵ ئەو تاقمە خیانەتکارە بکەن، بەڵام کە پیلانەکەیان بە تەواوەتی سەری نەگرت و تەنیا توانییان کەرکووك و ناوچەکانی دیکە داگیربکەنەوە و لە شوێنەکانی دیکەش پارتی جوامێرانە وەڵامی دانەوە و لووتی شکاندن، ئەوا وەك ئێستا دەیبینین ئەو تاقمە خیانەتکارە لەلایەن بەغداوە هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێت و ناچاربوون جارێکی دیکە بگەڕێنەوە و لەگەڵ پارتی وتووێژ و رێککەوتن بکەن. کەواتە ئەم رووداوانە پێمان دەڵێن، ناحەزانی کوردستان و دوژمنانی پارتی، تا ئەو کاتە لەلایەن دوژمنانی کوردستانەوە بایەخیان پێدەدرێت، کە سەرسەختانە دژایەتی پارتی بکەن، بۆ ئەوەی هەموو دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان بێ مانا بکەن، بەڵام کاتێك پارتی لە بەرامبەریان رادەوەستێتەوەو زیاتر داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکات، ئەوا ئەو لایەنانە لەبەردەم گەورەیی پارتی چۆك دادەن و لەلای دوژمنانی کوردستانیش بێ بایەخ سەیر دەکرێن.

شین و هاواری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەو لایەنانەی کە لە ئێستاوە خۆیان وەك دوژمنی رای ئازادی خەڵکی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان راگەیاندووە، بە ئاشکرا دیارە و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە پارتی




# پ.ی. د. محەمەد شاکر محەمەدساڵح

**کاندیدی ژمارە ١٣**
**لە لیستی ١٨٤ ی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**پێویستە دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەین، چونکە پارتی کار دەکات بۆ پیادەکردنی ماددە دەستوورییەکان کە تاکە زامنی مافەکانی گەلی کوردستانە.**

**دەنگ بە لیستی ١٨٤ دەدەین بۆ ئەوەی ڕۆحی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری ئاسوودە بێت، چونکە دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بە ئامانجە مەزنەکەی کوردستان.**



دیموكراتی كوردستان لەم هەڵبژاردنە بەو ئاستە بەهێز نەبێت كە بوونی ئەوان لە پەرلەمانی عێراق بخاتە مەترسییەوە، ئەوان لەوە دەترسن لەم هەڵبژاردنەدا، پارتی دیموكراتی كوردستان و حزب و لایەنە نیشتمانییەكان و نوێنەرانی پێكهاتە جیاوازەكانی كوردستان، وەك هاوپەیمانییەكی بەهێز بۆ عێراق و هەموو جیهانی بسەلمێنن كە نوێنەری راستەقینەی خەڵكی كوردستان ئەم هاوپەیمانییەیە، نەك ئەو چەند حزبۆكە نانیشتمانییەی كە دەمێكە سەودا و مامەڵەیان لەسەر مافەكانی خەڵكی كوردستان لەگەڵ بەغدا دەستی پێكردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی پارتی بەهێزە و توانای ئەوی هەیە لەسەر ئاستی سیاسی و دیپلۆماتی و سەربازی بەرپەرچیان بداتەوە و زیاتر داكۆكی لەمافە رەواكانی خەڵكی كوردستان دەكات، ئەوا هەوڵەكانی ئەوانیش وەك بڵقی سەر ئاو بێ مانا دەرچووە.

لەدوای لووتشكاندنی هێزەكانی حەشدی

١٨٤




# مەیادە نەجارِ

**کاندیدی ژمارە ٤**
**لە لیستی ١٨٤ ی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**پێویستە لە ڕێگەی یاساوە بەرگری لەمافی ئافرەتان بکرێت، چونکە لە عێراق زۆر یاسا هەیە کە دژی مافی ئافرەتە و پێویستە ڕێگری بکەین لە دەرچوونی، وەک: «یاسای جەعفەری» کە ڕێگە بە هاوسەرگیریی منداڵان دەدات. دەبێت ئێمە کار لەسەر ئەوە بکەین کە یاسای باری کەسیی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی بە شێوەیەکی تۆکمە جێبەجێ بکرێت، کە مافەکانی ئافرەتانی تێدا پارێزراوە.**



شەعبی لە پردێ و سحێلا و مەحموودیە و پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، خەریکە کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی زیاتر لە ٨٠٪ چارەسەر دەکرێت و ئەم چارەسەرەش لەبەر ئەوەی لەسەر دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و حکومەتی عێراق ئامادە نەبوو هیچ دیالۆگ و ڕێککەوتنێك لەگەڵ (گۆڕان و کۆمەڵ و بەشێکی

**ناحەزانی کوردستان و دوژمنانی پارتی، تا ئەو کاتە لەلایەن دوژمنانی کوردستانەوە بایەخیان پێدەدرێت، کە سەرسەختانە دژایەتی پارتی بکەن، بۆ ئەوەی هەموو دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان بێ مانا بکەن، بەڵام کاتێک پارتی لە بەرامبەریان رادەوەستێتەوەو زیاتر داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکات، ئەوا ئەو لایەنانە لەبەردەم گەورەیی پارتی چۆک دادەن و لەلای دوژمنانی کوردستانیش بێ بایەخ سەیر دەکرێن**

**پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بەباشی لە نەهامەتی و خەمەکانی خەڵکی کوردستان تێدەگات و لەم پێناوەشدا هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی هەر چۆنێک بێت بەپێی سیستمی پاشەکەوت بەشێک لە مووچە بۆ فەرمانبەرانی کوردستان دیاری بکات، هەروەها زۆر بە باشیش لە فیتنەی ئەو لایانانەش تێدەگات کە چۆن لە ناخی رق و کینەوە، ئەم نەهامەتییانە بۆ بەرژەوەندی حزبیی خۆیان بەکار دەهێنن**

یەکێتی و هاوپەیمانی بەرهەم سالح) بکات، لەگەڵ ئەوەی بۆتە هۆکارێك بۆ بووژانەوەی خەڵکی کوردستان، بەڵام ئەو لایەنانە زۆر بە توندی دژایەتی دەکەن، ئەم دژایەتیکردنەی ئەوان، بێجگە لەوەی درێژەدانە بە سیاسەتی رق و کینە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لە هەمانکاتیشدا، هەوڵی ئەو لایەنانە بۆ ئەوەیە کە کێشە گەوهەرییەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بەغدا، لە بازنەی بچووکی مووچەدا بهێڵنەوە و بوار نەدەن کە پارتی دیموکراتی کوردستان، پرسیاری جددی لەسەر ئەو پرسە گەوهەرییانە بورووژێنێتەوە.

کێشەی هەرە گەوهەری کە ئێستا بۆتە بەردی سەردڵی بەغدا، ئەوەیە کە بەتەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کەرکووکی کردووە و کەرکووکی وەك شارێکی داگیرکراو لە قەڵەم داوە، دیارە پێناسەکردنی کەرکووك لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە وەك «شارێکی داگیرکراو»، بەغدا باش لێی تێدەگات کە مانای چییە و دەزانێت ئەو هەڵوێستەی پارتی دیموکراتی کوردستان مانای دەستبەردارنەبوونە لە کەرکووك و پەیامێکە کە بە دوژمنانی کوردستان دەڵێت: ئەگەر هەموو کوردستانیش نەمێنێت، دەست لەکەرکووك هەڵناگرین و هەر دەبێت کەرکووك بگەڕێتەوە بۆ باوەشی کوردستان، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی تێکڕای حزبەکانی دیکەی کوردستان ئەمری واقیعی داگیرکاری کەرکووکیان قبووڵ کردووە و لەژێر پۆستاڵی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بەشداری هەڵبژاردنەکانی کەرکووك دەکەن، ئەوا لای بەغدا ئەو بەشدارییە هیچ بایەخێکی نییە و بایەخی گەورە بۆ ئەو بایکۆتەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان دژی داگیرکردنی کەرکووك رایگەیاندووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە پشت بەستن بە خوا و ئیرادەی گەلی کوردستان، بە تەواوەتی لە خۆی دڵنیایە کە لەم هەڵبژاردنەدا هێزی سەرەکی دەبێت لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە و لەگەڵ لایەنە نیشتمانییەکان و نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان، نوینەری سەرەکی و راستەقینەی خەڵکی کوردستان دەبن لە پەرلەمانی عێراقدا، ئەم نوێنەرایەتیکردنەش بەو مانایە نییە کە ئەم کوتلەیە دەتوانێت هەرچی دەیەوێت لە پەرلەمانی عێراق بەدەستی بهێنێت، بەڵکو بەو مانایەی ئەم کوتلەیە بە عێراق و جیهانی رادەگەیەنێت ئەوەی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی شیعە لەبەغداوە دەیانەوێت وەك ئەمری واقیع بەسەر کوردستاندا فەرزی بکات، بەشی هەرە زۆرەی خەڵك و تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان رەتیدەکەنەوە و قبووڵی ناکەن، خۆ ئەگەر بەغداش لەبەرامبەر خواستی خەڵکی کوردستان ملهوڕی بکات و بیەوێت بە زەبری هێز ئەو واقیعە بهێڵێتەوە، ئەوا جیا لەوەی سەقامگیری لە تەواوی عێراق بوونی نامێنێت، دوور نییە دەوڵەتێکیش بە ناوی عێراق لەسەر نەخشەی سیاسی نەمێنێتەوە.

## ● گۆڕانکاریی گەورە و خێرای ناوچەکە لەگەڵ گۆڕانکاری سندوقی هەڵبژاردنەکان تێکەڵ دەبێتەوە

پەیامی هاوپەیمانیی ناتۆ بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا بۆ ئێران و رووسیا سەبارەت بە داکۆکیکردنیان لەمانەوەی رژێمی ئەسەد ئەوە بوو، کە چیتر رێگەنادەن رژێمی ئەسەد چەکی کیمیایی بەکار بهێنێت بۆ سەرکوتکرنی نەیارەکانی و، ئەگەر هەر بشتانەوێت ئەسەد بەمجۆرە لە دەسەڵاتدا بهێڵنەوە، ئەوا دەبێت باجێك بدەن کە رەنگدانەوەی گەورەی سلبی لەسەر سیاسەتی ناوخۆییتان دەبێت، لەمەش زیاتر هاوپەیمانیی ناتۆ بەنیازە هێزێکی عەرەبی لەناوچە سوننەکانی سووریا جێگیر بکات، بۆ ئەوەی عەرەبی سوننە خۆی ئەو توانایەی هەبێت لەبەرامبەر هێرشەکانی ئەسەد بەرگری لە خۆی بکات، ئەمەش بە مانایەکی دیکە، واتە ئەگەر پێشتر لە چوارچێوەی شەڕی دژی داعش ئەمریکا و ناتۆ هێزێکی سەرەکی بوون بۆ پشتگیریی ئێران و رووسیا و سوپای ئەسەد بۆ ئەوەی بەسەر داعشدا سەربکەون، ئەوا لەمەودوا هێزی ئاسمانیی ناتۆ و ئەمریکا دەبنە رەقیب بە سەر سوپاکەی ئەسەد و میلیشیا شیعەکانی ئێران لە سووریا، رووسیاش، یان دەبێت، رێگەچارەیەك لەگەڵ ناتۆ بدۆزێتەوە، یان ئەویش بە تەواوەتی خۆی دەخاتە زۆنگاوی سووریاوە.

ئەم پەیامەی ئەمریکا و ناتۆ، تایبەت نییە تەنیا بە سووریا، بەڵکو ئەم پەیامە لەسەر بنەمای لۆژیکی (قازانج و زیان)ی ئەقڵی

بازرگانانەی ترەمپ دارێژدراوەو، دەبێت ئەو پارەیەی ئەمریکا خەرجی دەکات لەبەرامبەریدا دەستکەوتێکی وەك خۆی هەبێت، دەنا ئەو خەرجکردنە درێژەی نابێت.

دۆناڵد ترەمپ هەر لەم مانگەدا رایگەیاند: «ئێمە زیاتر لە ٧ ترلیۆن دۆلارمان لە ناوچەکە سەرف کردووە، بەڵام لەبەرامبەردا هیچمان دەست نەکەتووە، هەر بۆیە بە زووترین کات هێزەکانمان لە سووریا دەکشێنینەوە.» بەڵام هەر هەفتەیەك دوای ئەم قسەیە و دوای دروستبوونی هاوپەیمانییەکی فراوان لە چوارچێوەی ناتۆ و دەرەوەی ناتۆ، سەرۆکی فەرەنسا رایگەیاند: «سەرۆك ترەمپ-مان گەیاندۆتە قەناعەت کە پەلە لە کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا نەکاتز» ئەم قسەیە سەرۆك ماکرۆن مانای ئەوەیە، ئەگەر پێشتر بە هۆی نەبوونی زەمینەیەك لەدەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ جووڵەی هاوپەیمانیی ناتۆ و هاوپەیمانەکانی دیکەی رۆژئاوا لە ناوچەکە، لەوانەیە ئەو پارەی خەرج کراوە، هیچ سوودێکی نەبووبێت، بەڵام لێرەوە بەدواوە سوودی دەبێت.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە هەڵوێستی ئەمریکا و ناتۆ لە هەمبەر عێراقی دوای هەڵبژاردنەکان بخوێنینەوە، ئاشکرایە شەڕی عێراق لە ناوەندەکانی ئەمریکادا بە شەڕی (٣ ترلیۆن دۆلار) ناو دەبردرێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەو شەڕەیە کە بەتەنیا ئەمریکا زیاتر لە ٣ ترلیۆن دۆلاری تیا خەرجکردووە و زیاتر لە (٥,٠٠٠) سەربازی ئەمریکی کوژراون و زیاتر لە (٥٠,٠٠٠)یش بریندار بوون، بەڵام دەستکەوتی ئەم شەڕەش هەر ئەوەیە کە فەرماندەکانی میلیشیا شیعەکانی عێراق ئاڵای ئەمریکی دەخەنە ژێرپێوە و هەڕەشەی دەرکردنی ئەمریکا دەکەن. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەمریکا و ناتۆ ئەمە قبووڵ دەکەن، یان چاو بە هەڵوێستی خۆیاندا دەخشێننەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە هەتا ئێستا بەستراوەتەوە بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقەوە، گرەوی گەورەی ئەمریکا لەسەر دووبارە هەڵبژاردنەوەی حەیدەر عەبادی-یە، ئەم گرەوەش راستەوخۆ گرێدراوەتە بە بەرژەوەندی و رەزامەندیی ئێرانەوە، بۆیە ئەم ئاڵۆزییە پرسیارێکی دیکە دەورووژێنێت، دوای ئەوەی تیمی سیاسەت


١٨٤




غازی سەید حەسەن

کاندیدی ژمارە ٢٣
لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان

دەنگ دەدەین بە پارتی، بۆ ئەوەی لە بەغدا سازش لەسەر مافەکانی کورد نەکرێ و بۆ زامنی مافە دەستوورییەکانی کوردستان و بۆ پتەوکردنی متمانەی خەڵک و باشترکردنی گوزەران و ژیانی هاووڵاتیان و کاتێکیش پارتی بەهێز بێت، کورد لە بەغدا بەهێز دەبێت.



دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە کۆترەکانەوە گۆڕابن، نەك بۆ هەڵۆکان بەڵکو تیراسۆر، ئایا دەشێت ئەو کاندیدەی ئەمریکا گرەوی لەسەر کردووە، ڕەزامەندیی ئێران بەدەست بهێنێت؟ یان ئەگەر کۆماری ئیسلامی کاندیدکی دیکەی هەبوو، ئایا ڕۆژئاوا و ئەمریکا بێدەنگ دەبن؟

دیارە هەموو ئاماژەکانی ستافی تازەی ئیدارەی ترەمپ سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر ئێران زۆر توند دەبێت و پێدەچێت هاوکات لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەمریکا بڕیاری خۆی بە کشانەوە لە ڕێککەوتنی (٥+١) ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بهێنێت، کشانەوەی ئەمجارەی ئەمریکاش لەم ڕێککەوتنە ئەو ئاکامەی نابێت کە پێشتر جون کیری وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا دەیگوت، ئەگەر لەم ڕێککەوتنە بکشێینەوە، ئەمریکا بە تەنیا دەمێنێتەوە، بەڵکو مەزندەی ئەوە دەکرێت کە کشانەوەکەی ئەمریکا بەتەنیا نەبێت و سێ دەوڵەتی دیکەش بەدوای خۆیدا بێت کە (فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا) یە، پێشتر گرەوی ئێران لەسەر پەرتەوازەییماڵی ڕۆژئاوا و ناتۆ بوو، بەڵام ئێستا کە ڕۆژئاواو ناتۆ توانیویانە یەك هەڵوێست بن لە بەرامبەر رووسیا، ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە لەبەرامبەر ئێران و کۆریای باکووریش یەکگرتوو دەبن، بۆیە گۆڕانکارییەکە هێندە گەورەیە کە چیتر کۆماری ئیسلامی نەتوانێت ئەو ڕۆڵەی لە ٢٠١٧ لەعێراق و ناوچەکە دەیگێڕا، جارێکی دیکە ئەو ڕۆڵەی بۆ بگێڕێتەوە.

سەبارەت بە عێراقی پۆست داعشیش، دیارە هەر لەدوای هێرشی هێزەکانی عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بە پشتیوانیی سوپای پاسداران بۆ سەر کوردستان، هەڵوێستی ئەمریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا و ناتۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، زۆر ڕاشکاوانە پێداگیریکردن بووە لەسەر هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و بەردەوامیدان بە دیالۆگ و پابەندبوون بەدەستووری عێراقەوە، هەموو ئەمانەش لە ژێر چەتری چاوەڕێکردنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا هیڵدراونەتەوە، بۆ ئەوەی دوای ئەم هەڵبژاردنە بە شێوەیەکی دیکە قسەیان لەسەر بکرێتەوە.

کەواتە لێرەوە، بایەخ و گرنگیی ئەم هەڵبژاردنەی عێراق هەر ئەوەندە نییە کە

**بەکارهێنانی چەمکی «ریفراندۆمچی»، بۆ پرۆسەی راپرسی کە زیاتر لە ٩٣٪ خەڵکی کوردستان بە (بەڵێ) دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە، سووکایەتیکردنێکی ئاشکرایە بە خوێنی هەموو شەهیدان و سەرجەم شەهیدانی شۆڕشەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموویان لە پێناوی سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی**

لایەنێکی شیعە هەڵبژاردنەکان دەباتەوە، یان لەگەڵ چەند لایەنێك هاوپەیمانی دەکات بۆ ئەوەی حکومەتی داهاتوو پێکبهێنن، نەخێر، پرسەکە زۆر لەوە قووڵتر و گرنگترە. خاڵی جەختکردنەوە لەسەر ئەم هەڵبژاردنە ئەوەیە، ئایا ئەو لایەنەی گرەویان لەسەر کردووە، یان هەر لایەنێکی دیکەی شیعە ئەگەر هەڵبژاردنەکان بباتەوە، نییەت و تێڕوانینی بۆ حوکمڕانیی داهاتووی عێراق چۆن دەبێت و تاچەند پابەند دەبێت بەو دەستوورەی کە ئەمریکا و یەکێتی و ئەورووپا و ناتۆ جەخت لەسەر پابەندبوونی هەموولایەك دەکەنەوە.

لایەنە شیعەکانی عێراق بەگشتی و ئەو لایەنانەی نوێنەرایەتی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەکەن، گرەویان لەسەر ئەوەیە کە ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی کوردستان وەك (کۆمەڵ و گۆڕان و هاوپەیمانی و نەوەی نوێ و باڵێکی یەکێتی) زۆرینەی نوێنەرانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق پێکبهێنن، بۆ ئەوەی بەرەی داکۆکیکار لە مافە دستوورییەکانی خەڵکی کوردستان کە (پارتی و لایەنە نیشتمانییەکان و نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکان) نوێنەرایەتی دەکات، لاواز بێت و خۆیان چییان دەوێت، بەوجۆرە جێبەجێی بکەن، ئەمەشیان دەکەوێتە سەر ویژدانی خەڵکی کوردستان، کە ئەوەی لەبیربێت و ڕێگە نەدات بەرەی (داکۆکیکردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان) لاواز بێت، کەواتە دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ناوچەکە و ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوانەی دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق دێنە ئاراوە، تەنیا دەنگدان نییە بە حزبێکی سیاسی و بەس، بەڵکو دەنگدانە بە هێزێك کە ئەو توانایەی لەسەر هەموو ئاستەکانی (سیاسی، دیپلۆماتی، سەربازی) هەیە، کە بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکات، بەتایبەتی کە ئێستا گۆڕانکارییەکان گەورە و خێران و ئەگەر هێزێکی راستەقینەی وەك پارتی بە پشتیوانی گەلی کوردستان لە گۆڕەپانەکەدا بوونی نەبێت، بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بقۆزێتەوە، ئەوا لەوانەیە خەڵکانی دیکە بۆ بەرژەوەندیی دوژمنان و زیانی خەڵکی کوردستان بیقۆزنەوە.





# بەختیار مەلا ئەحمەد

## کاندیدی ژمارە ٢١
## لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڵێن دەدەم کاربکەم بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان، بەتایبەت بۆ گەڕاندنەوەی مووچە و بودجە.
کاردەکەم بۆ بەرگریکردن لە پێشمەرگە و دەستکەوتەکانی.
بەدواچوون دەکەم بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵییەکانی عێراق نەک تەنیا ڕوومان لە هەرێمی کوردستان بێت و بەغدا پشتگوێ بخەین، بۆیە هەوڵ دەدەم بە دڵسۆزییەوە چاودێری گەندەڵییەکانی عێراق بکەین و بیکەینە چەکێک تا لە ئەنجومەنی نوێنەران شەڕی پێ بکەین لە پێناو بەرگریکردن لە ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کورد.
چاککردن و باشترکردنی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان بەشێک دەبێت لە ئەولەوییەتی کارەکانمان بۆ ئەوەی خۆشترین ژیان و گوزەران بۆ تاک بە تاکی کۆمەڵگە دەستەبەر بکەین.



**فەریق جەمال محەمەد**

**سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە بۆ گوڵان:**

# لە کۆی ٨ لیوای لێکترازاو ٧ لیوا یەکخراونەتەوە و چاکسازییش لە ناو وەزارەتی پێشمەرگەدا بەردەوامە




# هەنا جەلال میرانی

**کاندیدی ژمارە ٨**
**لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**هەر مرۆڤێک ئەرکی سەرشانی خۆی هەیە، بەڵام کاتێک کە دەبێتە کاندیدی پەرلەمان، دەبێتە نوێنەری میللەتێک و ئەرکی سەرشانی زۆر قورستر دەبێت، بەوەی کە دەبێت داکۆکی لە مافەکانی میللەتەکەی بکات.**
**دەبێت کار بکەین لەسەر دەستووری عێراق بۆ شرۆڤەکردنی مادده دەستوورییەکان کە دژی بەرژەوەندیی کورد نەبن، حکومەتی عێراقیش پابەندی ئەو مادده دەستوورییانە بێت کە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە.**
**دەبێت پێشمەرگە ڕێزێکی تایبەتی هەبێ لەلای حکومەتی عێراق، چونکە ئەوان پارێزگارییان لە کوردستان و هەموو عێراق کرد، هەتا لە تیرۆریستانی داعش رزگار بکرێن و خەڵک لە کەشێکی ئارامدا بژین.**

**ماوەیەك بەر لە ئێستا پرسی گەڕانەوەی هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان بۆ ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ورووژێنرا، هەروەها بەم دواییە تێبینی زیادبوونی جموجووڵ و چالاكییەكانی گرووپە تیرۆریستییەكان لەو ناوچانەدا كرا، ئەمانە و چەند پرسێكی دیكەی پەیوەست بە هەوڵەكانی چاكسازی و ڕێكخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بوونە تەوەری گفتوگۆیەكی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ فەریق جەمال محەمەد سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە. لێرەدا پوختەی وەڵامەكانی بڵاودەكەینەوە.**

*** ماوەیەکە باس لەوە دەکرێت کە بە ناوبژیوانیی ئەمریکاو هاوپەیمانان هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی ناوچە جێناكۆكەكان بە هاوبەشی لەلایەن هێزی پێشمەرگەی كوردستان و سوپای عێراقەوە بەڕێوەببرێت، ئایا ئەم پرۆسەیە بەكوێ گەیشتووە و وردەكارییەكانی چۆنە؟**
- لە راستیدا ئەم باسە لە لایەن زۆر لە کەناڵەکانی راگەیاندنی ناوخۆی هەرێم و دەرەوەی هەرێم باسکراوە. بەڵام تاوەکو ئێستا لەنێوان ئێمەو حکومەتی عێراقدا لەوبارەیەوە هیچ گفتوگۆ و دانووستانێکی فەرمی لەئارادا

**ئەو ناوچانەی داگیرکراونەتەوە، هەر کوردستانین و ریفراندۆمیش باشترین وەڵام بوو کە ئەمەی بۆ عێراق و هەموو جیهان سەلماند**

**حەشدی شەعبی لە هەر شوێنێک بووبێت، کێشەی دروست کردووە، ئەوەتا لە موسڵ دووبارە بەشێکی ئەو خەڵکانەی گەڕابوونەوە شارەکە، لەبەر هەڵسوکەوت و رەفتاری حەشدی شەعبی ئاوارە بوونەتەوە**

**ئێمە تەنیا هەماهەنگی لەگەڵ سوپای عێراقدا دەکەین و نە پێشتر و نە ئێستاش هەماهەنگیمان لەگەڵ حەشدی شەعبیدا نەبووە و نییە**

نییە. بەڵام ئاشکرایە ماوەیەکە جموجوڵی گرووپە تیرۆریستییەکان زیادی کردووە لە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ و ئەو ناوچانەی پێشتر پێشمەرگەی لێ جێگیر کرابوون، واتە هەر لە خانەقینەوە تاوەکو رۆژئاوای رووباری دیجلە، ئەم گرووپە تیرۆریستییانەش تاکتیکی شەڕی خۆیان گۆڕیوە بۆ شەڕی پارتیزانی. لەسەر بنەمای ئەو پەرەسەندنانە ئێمە ئەم بۆچوونەمان دایە هاوپەیمانەکان لە میانەی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ ئێمەدا. بە دڵنیاییەوە حکومەتی عێراقیش لە رێی ئەوانەوە داوای کردبوو کە ناوەندی هەماهەنگیی هاوبەش دروست بکرێت لەو ناوچانە، لە خانەقین و کەرکووك و موسڵ، بەڵام ئێمە لای خۆمانەوە دروستکردنی ژووری هەماهەنگیی هاوبەشمان رەتکردەوە، چونکە ئێمە نامانەوێت چەند ئەفسەرێکی ئێمە بە بێ دەسەڵات بچن و بەشدار بن لەو ناوەندانەدا. واتە بۆچوونی ئێمە ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراقدا جێگیر بکرێن لە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠، پاش ئەوە دەکرێت خاڵی پشکنینی هاوبەش و ژووری هەماهەنگیی هاوبەش دروست بکرێت. بەڵام دەبێت دووپاتی بکەمەوە کە ئەمە هەر بۆچوونە و هێشتا هیچ لایەك رەزامەندی لەسەر نەداوە.

*** بەڵام ئەگەر رێککەوتن و دانوستانیش ئەنجام بدرێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراق لە دەرەوەی شارەکان دەبن، چونکە دابینکردنی ئاسایش دەکەوێتە ئەستۆی پۆلیسی ناوخۆ، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین لەو ناوچانەدا ئەوەیە حەشدی شەعبی بەڕێوەی دەبات، پرسیار ئەوەیە ئەگەر حەشدی شەعبی نەکشێتەوە، چۆن دەتوانن بەهاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراقدا ئەو ناوچانە بەڕێوە ببەن؟**

- بەدڵنیاییەوە هەر کاتێك هەماهەنگی کرا- کە تا ئێستا نەکراوە-، ئەوا ئێمە تەنیا هەماهەنگی لەگەڵ سوپای عێراقدا دەکەین و نە پێشتر و نە ئێستاش هەماهەنگیمان لەگەڵ حەشدی شەعبیدا نەبووە و نییە.

*** ئایا لەبەر ئەوەیە کە حەشدی شەعبی کێشە دروست دەکات و ناتوانن هەماهەنگی لەگەڵدا بکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە حەشدی شەعبی لە هەر شوێنێك بووبێت، کێشەی دروست کردووە، ئەوەتا لە موسڵ دووبارە بەشێکی ئەو خەڵکانەی گەڕابوونەوە شارەکە، لەبەر هەڵسوکەوت و رەفتاری حەشدی شەعبی ئاوارە بوونەتەوە.

*** ئەو بارودۆخەی بەسەر ئەو ناوچانەدا سەپێندراوە لەلایەن حەشدی شەعبی و هێزەکانی دیکەی عێراقەوە وەك داگیرکاری وایە، لایەنی کوردستانی خوازیارە بە ئاشتی هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت، بەڵام هەموو ئەگەرەکان ئەوە دەسەلمێنن کە مامەڵەی عێراق بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بە ئاشتییانە نایێت، ئایا هەڵوێستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چۆن دەبێت لەکاتی چارەسەرنەکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییە داگیرکراوەکان؟**

- لە راستیدا ئەو ناوچانەی داگیرکراونەتەوە، هەر کوردستانین و ریفراندۆمیش باشترین وەڵام بوو کە ئەمەی بۆ عێراق و هەموو جیهان سەلماند. ئێستا ئەو ناوچانە بەلای ئێمەوە داگیرکراون، ئەگەر پێشتر کێشە لەسەر بوون، ئەوا ئێستا بە چەشنی پێش ساڵی ٢٠٠٣ سەیری ئەو ناوچانە دەکەین کە داگیرکراون. بەڵام ئێستا دانوستان و گفتوگۆ لەنێوان هەرێم و عێراقدا هەیە و هەنگاوی باش و ئیجابی نراوە و لە رووی سیاسییەوە بەرەوپێشچوون هەیە، کە هیوادارین مەسەلە سەربازی و ئەمنییەکانیش هەر بە رێگای دیپلۆماسی بێتە چارەسەرکردن. واتە هیوادارین کە بە رێی گفتوگۆ کێشەی ئەو ناوچانەش یەکلا بکرێنەوە، بەڵام ئەو ناوچانە کوردستانین و ئەمساڵ بێت، یان ساڵێکی دیکە، هەر دەبنەوە بە بەشێك لە کوردستان.

*** لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هێزی پێشمەرگە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەیە، بەتایبەتی بۆ ئەوەی هەردوو یەکەی ٨٠ و ٧٠ لە رووی دارایی و مووچەوە بێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، ئایا ئەم هەنگاوە تا چەند بەرەوپێشەوە چووە؟**

- سەرەتا ئێمە سوپاسی وڵاتانی هاوپەیمانان دەکەین بۆ هاوکاریکردنیان لە پرسی چاکسازی لە ناو وەزارەتی پێشمەرگە، کە ئەو وڵاتانەش بریتین لە ئەمریکا، ئەڵمانیا و بەریتانیا، کە راوێژکارەکانیان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەدا کاردەکەن، ئێمە لەم رووەوە بەڕێوەبەرایەتییەکمان

لە نێو وەزارەتدا دروست کردووە بە ناوی بەڕێوبەرایەتیی چاکسازی. کە بەرنامەیەکی چاکسازی ٣٥ خاڵی ئامادەکراوەو دابەش کراوەتە سەر ٣ قۆناغی کورتخایەن و مامناوەند و درێژخایەن، ئێمە بەدواداچوون بۆ ئەو خاڵانە دەکەین و لەم رووەوە هەنگاوی باش هەڵگیراوە. وەزارەتی پێشمەرگەش ١٤ لیوای هەیە، لەگەڵ یەکەکانی سەر بە دیوانی وەزارەت و ناوەندەکانی مەشق و راهێنان. کە لە راهێنان بەردەوامن. ئەوە بوو لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ٨ لیوا لەم لیوایانە لێکترازان و لەم ژمارە لیوا لێکترازاوانە ٧ لیوایان یەکیان گرتەوەو تەنیا یەك لیوامان ماوە کە هەندێك کێشەی هونەری و تەکنیکی ماوە و بەم نزیکانە چارەسەری ئەم لیوایەش دەکرێت، پاشان پێداچوونەوە بە هەیکەلی لیواکانیش دەکەین.

*** باس لەوە دەکرێت کە هەماهەنگی و هاوکاری هاوپەیمانان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە- بە بەراورد بە سەردەمی شەڕی داعش- گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەگەر گۆڕانکاری روویداوە، ئەو گۆڕانکارییە لە چ روویەکەوە دروست بووە؟**

- لەبیرمان نەچێت کە تا ئێستا هاوپەیمانان لێرەن و هەماهەنگییەکی باشمان هەیە لەگەڵیاندا. بەڵام هەروەك ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکردووە، شێوازی هاوکارییەکەیان گۆڕاوە، چونکە پێشتر هاوکارییەکانیان بریتی بوو لە چەك و تەقەمەنی، کە ئەو کاتە هەر جۆرە پێداویستییەکیان بۆ دەستەبەر بکردینایە، دەبوو رەزامەندیی حکومەتی عێراقی لەسەر بێت. ئێستا هاوکارییەکانیان زیاتر بریتییە لە دەستەبەرکردنی مەشق و راهێنان و نەخۆشخانەی سەربازی دروست دەکەن، هەروەها سەرقاڵی دروستکردنی چەند بینایە و وەرشەیەکن، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە چەك و تەقەمەنییەوە ئەوا ماوەیەکی زۆرە رایانگرتووە.

*** لەدوای تەواوبوونی شەڕی داعش هەست دەکرێت بایەخدان بە هێزی پێشمەرگە وەکو پێشتر نییە، بۆچی پێشتر هێزی پێشمەرگە یەکەمین لایەن بوون کە مووچەیان پێ دەدرا، بەڵام ئێستا لەدوای هەموو وەزارەتەکانەوە مووچە بە پێشمەرگە دەدرێت؟ هەروەها ئێستا**

سیاسی

✓ ١٨٤




# کرمانج عزەت سلێمان بەگ

## کاندیدی ژمارە ١٤
## لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان

**بە شێوەیەکی فەرمی بەغدا مەیدانی یەکلاکردنەوەی کێشەکانمانە، چونکە ئێمە بەشێکین لە پێکهاتەی ئەو وڵاتە بە شێوەیەکی فەرمی تا ئێستا. بەهێزترین دیکۆمێنتی یاسایی گەلی کوردستان لە بەغدایە کە دەستوورە کە زۆربەی مافەکانی گەلەکەمانی لە ناویدا تۆمارن. بەشداریکردنمان لە هەڵبژاردنی عێراق باوەڕبوونمانە بە گفتوگۆ ، بە گرتنەبەری هەموو ڕێگاکانی ئاشتی بۆ دەستە بەری مافەکانمان لە ئازادی و مافە دەستوورییەکان، پێکەوە ژیانێکی دادپەروەرانە، ناوچە دابڕێنراوەکان، شایستە داراییەکان و مووچەی بە غەدر براوی فەرمانبەران، داننان بە پێشمەرگە و ئامرازەکانی دەستەبەری ئەو هێزە نیشتمانییە، ڕەواندنەوەی هەموو هەڕەشەکانی سەربازی و وێنەی بە سەربازیکردنی کۆمەڵگە، بۆیە بە دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو ماف و حەقانەمان بۆ دەستەبەر دەبێت.**



**مووچەی پێشمەرگە پاشەکەوتی لەسەرە، ئەم ئیشکالییەتانە بۆچی دروست بووە و چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

- دواکەوتنی مووچەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو بەروارە دەگەڕێتەوە کە مانگانە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە هاوکاریی لیواکان و بنکەو یەکەکانی راهێنان و مەشق دەکرێین، واتە لە ١٨ بۆ ٢١ مانگ ئەو هاوکارییە داراییە بەدەستمان دەگات، کاتێك بەدەستی وەزارەتی پێشمەرگە گەیشت ئەو کات وەزارەتی دارایی بڕێکی تری پارە دەخاتەسەری تاوەکو بکاتە بەشە مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ناکرێت بە پچر پچڕی بەشێك لە مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە بدەین، بەڵکو دەبێت هەموو وەزارەت پێکەوە مووچەکەی دابەش بکەین.

*** لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی عێراق تا ئێستا بەشێك لە ڕێگە لاوەکییەکانی نێوان هەرێم و عێراق داخراوە، ئایا داخستنی ئەم ڕێگایانە کە کاریگەری لەسەر دەنگدەری کورد هەیە، لەئەستۆی کێدایە؟**

- وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاسانکاریی باشمان کردووە، بۆ نموونە ئێمە ڕێگای کەرکووك و هەولێرمان لای خۆمانەوە کردەوە، بەڵام ئەوە حکومەتی عێراقی بوو کە رازی نەبوو بە کردنەوەی. ئێمە پێشتر ڕێی مەخموورمان کردەوە، بەڵام بەم دواییە حکومەتی عێراق رەزامەندی نیشاندا لەسەر کردنەوەی ئەم ڕێگەیە لەو بەشەی کە



پەیوەندی بە خۆیانەوە هەبوو. ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕێی موسڵ و باتنایە و تلسقۆف، ئێمە ڕەزامەندیمان دا و ڕێککەوتنەکەش بەو شێوەیە بوو کە ئێمە لە ساترەکانی خۆماندا بین و ئەوانیش لە ساترەکانی خۆیان، کەچی ئەوان هاتن لە نزیکیی پێشمەرگە خاڵی پشکنینیان دانا، ئێمەش ئەمەمان قبووڵ نەکرد و ڕێگەمان نەدا ئەوان بێنە پێشەوە و جێ پێیەك بۆ خۆیان دروست بکەن، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئەمەمان ڕاگرت. تەنانەت ئێمە داوامان کردووە ڕێگەی ناوەرانیش بکرێتەوە. هەروەها ئێمە ڕەزامەند بووین لەسەر کردنەوەی ڕێی زوماریش، بەڵام حکومەتی عێراق ڕەزامەندی نەدا.





# د. ڤیان محەمەد حسێن

**کاندیدی ژمارە ١٢**
**لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان**

نوێنەرایەتیکردنی خەڵک و گەلی خۆت، ئەرکێکی زۆر قورسە و دەبێت هەموو تواناکانت بەکار بهێنی هەتا بە سەربەرزی بەڕێوەی ببەیت. بۆیە منیش هەموو توانایەکم بەکاردەهێنم هەتا ئامانج و پرۆژەکانم لە پێناوی خزمەت بە گەلەکەمدا بێت. دەبێت کاربکەین بۆ پاراستنی یەکڕیزیی کورد و داکۆکیکردن لە مافە دەستوورییەکانی و بۆ ناردنی بودجەی ساڵانەی شایستەی هەرێمی کوردستان لە کاتی خۆیدا بەدواداچوونی جددی بکەین.
دەبێت زۆر بە جددی بەرگری لە مافی ئافرەتان بکەین و هەوڵی ڕێگەگرتن لە هەر پرۆژە یاسایەک بدەین کە لە دژی بەرژەوەندی و کەسایەتی و پێگەی ئافرەت بێت لە کۆمەڵگە.



**د. محەمەد خورشید**

**بەرپرسی لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# پارتی کەرکووک بە شارێکی داگیرکراو دەزانێت، بۆیە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی لەو شارە کردووە

## پارتی داواکار و داکۆکیکار بوو لە دروستبوونی یەکڕیزی لە کەرکووک و ئەگەر دروست بووایە ئەوا بەشدار و پاڵپشتی دەبوو

ئاشکرایە پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقی لە شاری کەرکوک داوە، لەبەر ئەوەی ئەم شارە بە داگیرکراو دەزانێت، ئێستاش تەنانەت ڕێگە بە پارتە کوردییەکانیش نادرێت کە لە میانەی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا ئاڵای کوردستان لەو شارەدا هەڵبکەن، ئەمەش بۆچوون و تێڕوانینەکەی پارتی پشتڕاست دەکاتەوە. بۆ تیشکخستنەسەر دۆخی ئێستای کەرکوک بەتایبەتی لە پەیوەندی بە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لەو شارەدا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ د.محەمەد خورشید بەرپرسی لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا، لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.

*** لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان چەند لایەنێکی سیاسی و حزبی کوردستانی شەرمنانە بانگەشەکەیان لە شاری کەرکووک دەستپێکردووە، ئایا لەسایەی ئەم عەسکەرتارییەتەدا دەنگەکانی کورد لەم شارەدا چی بەسەر دێت، بەتایبەتی دەنگەکانی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان؟**

- لای هەمووان ئاشکرایە دوای خیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر شاری کەرکووك بە زەبری هێزی داگیر کرا، هەر کەسێکیش نکۆڵی لەوە دەکات، کە کەرکووك داگیرکراوە، ئەوا دەتوانێت لە بارەگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕوانێت کە کراونەتە سەربازگە، مەبەستم بارەگای ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووك و بارەگای





# نزار محەمەد سەمین سەلیم

**کاندیدی ژمارە ٣**
**لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان**

دەنگ دەدین بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەر ئەوەی تاکە پارێزەری کوردستانە و قورسایی و سەنگی پارتی لە بەغدا، زامنی مافەکانی گەلی کوردستانە و دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە توانی ئەفسانەی داعش تێکبشکێنێت.



لقی سێ و بارەگانی ناوچەکانمان لە قەزا و ناحییەکانە، کە ئەمانە نموونەی زەق و بەرچاوی داگیرکردنی ئەم شارەن. ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵبژاردن و دەنگدانیشەوە، ئەوا ئاشکرایە کە پارتی نەیویست شەرعییەت و رەوایەتی بدات بەو کردەوە ناشەرعییەی لە کەرکووکدا ئەنجام درا، چونکە شاری کەرکووك لەژێر دەستی داعشدا نەبوو، تا ئەوان هێزی سەربازی رەوانەی ئەم شارە بکەن، تەنانەت ئەگەر مەبەستیشیان — هەروەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن- سەپاندنی یاسا بووایە، ئەوا دەکرا بە چەشنی شوێنەکانی دیکە دەست بە گفتوگۆ بکرایە. دواتر پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لە هەموو لایەنە سیاسییەکان کرد کە ئەگەر بە یەك لیست و بە یەکریز بەشداری لەم پرۆسەی هەڵبژاردنە دەکەن، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەیە بە هەموو شێوەیەك پشتیوانی و پاڵپشتی لەو یەکریزییە بکات، بەڵام هەروەك دەزانین کە ئەو لیستەی کە پێکهاتووە لە کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی گۆڕان و هاوپەیمانێتییەکەی بەرهەم ساڵح لە یەکریزییەکە جیابوونەوە و دواتر یەکگرتووی ئیسلامییش رایگەیاند کە جیابووە، تەنانەت یەکێتیش نەچووە ژێر باری ئەوەی کە جارێکی دیکە لەناو یەکریزییەکەدا بێت، کۆبوونەوەکەی بارەگای حزبی زەحمەتکێشان لە هەولێر باشترین بەڵگەیە بۆ قسەکانم کە ئەو دەم، وا بڕیار بوو جارێکی دیکە ئەو یەکریزییە بچەسپێت، کەچی لە کۆبوونەوەی دووەمدا تەنانەت نوێنەرەکەی یەکێتیش ئامادە نەبوو. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە پارتی بەرپرس نییە لە دروست نەبوون، یان لە تێکچوونی یەکریزییەکە لە کەرکووك، بە پێچەوانەوە پارتی داواکار و داکۆکیکار بوو لە دروستبوونی ئەو یەکریزییە و خۆی ئەگەر دروست بووایە، ئەوا بەشدار و پاڵپشتی دەبوو.

**هەر کەسێک نکۆڵی لەوە دەکات، کە کەرکووک داگیرکراوە، ئەوا دەتوانێت لە بارەگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕوانێت کە کراونەتە سەربازگە**

*** بەڵام گلەیی ئەوە لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت کە ئەم بڕیاری بەشدارینەکردن و بایکۆتکردنە دەبێتەهۆی ئەوەی بەشێکی دەنگەکانی کورد لەو شارەدا بەفیڕۆ بچێت، ئێوە چۆن بەرپەرچی ئەمە دەدەنەوە؟**

- ئێمە دەمانەوێت ئەوە لای هەموان ئاشکرا بێت، کە ئێمە وەکو پارتی هەوڵ دەدەین دەنگی کورد لەو شارەدا بەفیڕۆ نەچێت و بێدەنگیمان و بایکۆتیشمان نیشانەی قبووڵنەکردن و رەتکردنەوەی ئەو داگیرکارییەیە کە کراوە.

*** دەمانەوێت ئەمەمان زیاتر بۆ روون بکەیتەوە، ئایا چۆن کار دەکەن بۆ ئەوەی ئەو دەنگانەی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەفیڕۆ نەچێت؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە پارتییەکان لە

کەرکووک هیچ کەس و لایەنێك لە پارتی بە شایستەتر نازانن دەنگی پێبدەن، لەبەر ئەوە دەنگی پارتییەکان بۆ پارتییە.

*** ئاڵای کوردستان یەکێکە لە رەمزە پیرۆزەکانی کوردو کوردستانییەکان و لەژێر ئەو ئاڵایەدا کورد رووبارێك خوێنی بەخشیوەتە کوردستان، هەربۆیە دوژمنانی کورد زۆر بە رق و قینەوە دەڕواننە پرسی ئاڵای کوردستان لەشاری کەرکووك، پرسیار ئەوەیە ئایا قەدەغەکردنی هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی پارتی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی کەرکووك نەکات؟**

- لە راستیدا دۆخەکە ئێستا بە چەشنێکە کە ئاڵای کوردستان بۆتە رەمزی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەوەتا لایەنەکانی دیکە ناتوانن ئاڵا هەڵکەن لە کەرکووکدا، واتە خاڵێکی دیکە و هۆکارێکی دیکەی بەشدارینەکردنی پارتی لە هەڵبژاردنەکانی کەرکووکدا ئەوەیە کە نە ئازادی بانگەشەی هەڵبژاردن و نە ئازای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەو شارەدا هەیە، هەموو ئەمانەش وامان لێدەکەن کە دروست بیر لەم پرسە بکەینەوە.

*** واتە چاوەڕوانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد لەشاری کەرکووك ناکرێت؟**

- لە راستیدا ناتوانین بڵێین هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد لە کەرکووکدا ئەنجام دەدرێت، چونکە دەسەڵاتێکی عەسکەرتاری هەیە لەو شارەدا و بەربەست و ئاستەنگێکی زۆر دروست کراوە لە بەردەم بانگەشەی هەڵبژاردن و رێگری لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کراوە، هەموو ئەم کۆسپ و تەگەرانەش دەبنە هۆی ئەوەی هەڵبژاردنێکی دروست ئەنجام نەدرێت. بۆ نموونە لەم شەوانەدا سووکایەتی بە کاندیدێکی پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان کراوە لە کەرکووك و هەڕەشەی لێکراوە، واتە لە ئێستاوە روونە کە هەڵبژاردنەکان لەو شارەدا پاك و بێگەرد نابن.

*** واتە هێشتا هەوڵی تەنگ پێ هەڵچنین و ئازاردانی کوردانی کەرکووك بەردەوامە؟**

- بەڵێ، هێشتا هەوڵی دەرکردن و سووکایەتی پێ کردنی کوردستانییەکانی کەرکووك بەردەوامە، بەتایبەتی لە فەرمانگە حکومییەکاندا.




# ئاورینگ شێخ عەلی

## کاندیدی ژمارە ٢٧
## لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان

**بە وەرگرتنی متمانەی هاووڵاتی ئەرکی سەرشانمان لە بەرامبەر خوا و نەتەوەکەماندا زۆر قورس دەبێت، بۆیە لە بری دروشم هەوڵ دەدەین کاری جددی بکەین و ئامانج و کارەکانیشم لەو خاڵانەدا دەبینمەوە:**

**– کارمان زامنکردنی مافە دەستوورییەکانە.**
**– پێشمەرگە پێناسەو ناونیشانمانەو دەچین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.**
**– لاوان و ئافرەتان هەوێنی سەرکەوتنمانن.**
**– داکۆکیکاری مافی سەرجەم چین و توێژەکان دەبین.**
**– بە یاسا خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک دەستەبەر دەکەین**
**– رێگە نادەین رەنجی جووتیارانمان بەفیڕۆ بڕوات.**
**هەوڵی دابینکردنی بیمەی تەندروستی دەدەین.**



## نادر هاشمی

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی دەنڤەر بۆ گوڵان:

# هێشتا ئەو هۆکارە ریشەیی و بنەڕەتییانە لە سووریادا ماون کە بوونە هۆی دروستبوونی داعش

نادر هاشمی پرۆفیسۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیسلامییە لە قوتابخانەی جۆزێف کەربوڵ بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی دەنڤەر، هەروەها شێوە بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ. تایبەتمەندە لە کاروباری ئیسلامییەکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایین و دیموکراسی، عەلمانییەت، سیاسەتی بەراوردکاری و تیۆری سیاسی و چەند بوارێکی گرنگی دیکە. بۆ شرۆڤەکردن و تیشك خستنەسەر دوایین گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خستەڕوو.

*** هەروەك دەزانن كە دۆخی سووریا ئاڵۆزبوونی زیاتر بەخۆوە دەبینێت، بەتایبەتی دوای هێرشەكانی ئەم دواییەی هەر سێ وڵاتی ئەمریكا و بەریتانیا و فەرەنسا بۆ سەر ئەو وڵاتە، خوێندنەوەی ئێوە چییە بۆ ئەم پەرەسەندنانە و ئایا چ كاریگەرییەكیان دەبێت؟**

- ئاشكرایە كە دۆخەكە لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەڕوات و من تەواو هاوڕام لەم رووەوە. هەروەها پێموایە ئەو هێرشە سەربازییانەی لە دژی دامەزراوەكانی چەكی كیمیایی رژێمی ئەسەد ئەنجام دران، بە هیچ شێوەیەك رێگریان دروست نەكردووە لەبەردەم رژێمەكەی ئەسەددا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی لە شەڕەكەدا. پەیامی ئەم هێرشانە ئەوە بوو كە بەشار ئەسەد دەتوانێت بەردەوام بێت لە ئەنجامدانی تاوانی شەڕ، بەڵام مەسەلەكە تەنیا ئەوەیە كە نابێت غازی ژەهراوی بەكار بهێنێت، ئەمەش گرنگە لەبەرچاوی بگرین، چونكە لە سەدا ٩٩,٩ی ئەو كەسانەی لە ماوەی حەوتساڵی رابردودا بوونەتە قوربانی بەهۆی بەكارهێنانی چەكی تەقلیدییەوە كوژراون. كەواتە هێشتا شەڕەكە بەردەوامە، ئێش و ئازار و كارەساتە مرۆییە بەردەوامە و دەستتێوەردان و داگیركاری توركیا لە باكووری سووریا درێژەی هەیە و نادڵنیاییەكی زۆر هەیە لەپەیوەندی بە چارەنووسی رۆژهەڵاتی سووریاوە و ئەمریكا سیاسەتێكی روون و تۆكمەی نییە بۆ سووریا كە بتوانین ئاماژەی پێ بكەین، ئەمەش لەم چەند هەفتەی رابردوودا دەركەوت كە جارێك ترەمپ باسی لەوە كرد كە دەیەوێت لە سووریا بكشێتەوە و دواتر هێرشی كردە سەر ئەو وڵاتە. كەواتە دۆخەكە بەرەو خراپتر چووە و ئەو وڵاتانەشی كە كاریگەرییان هەیە لەسەر رەنگرێژكردنی رووداوەكان، وەك رووسیا و ئێران و تا رادەیەكی كەمتر توركیا، دۆخەكەیان كۆنترۆڵ كردووە.

*** بەڵام باس لەوە دەكرێت كە پەیامی سەرەكیی ئەم هێرشانە بۆ رووسیا بووە، ئایا پێتوایە سووریا بۆتە گۆڕەپانی شەڕی ساردی نێوان ئەمریكا و رووسیا، بەتایبەتی كە سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكانیش رایگەیاند كە شەڕی سارد بە شێوەیەكی جیاواز و تۆڵەئامێزانە گەڕاوەتەوە؟**





## سەعد كەریم ئەلیاس شنگالی

**كاندیدی ژمارە ٢**

**لە لیستی ١٨٤ ی پارتی دیموكراتی كوردستان**

**بۆ ئەوەی ملكەچی داگیركەران نەبین و هەموو بە یەكەوە ئەمری واقیعی داگیركردنی كەركووك قبووڵ نەكەین و كوردو كوردستان هەر لە پێشكەوتندا بێت و تاوەكو لە بەغدا سەنگ و قورسایی باش و كاریگەرمان هەبێت، ئەوە دەبێت دەنگ بە پارتی دیموكراتی كوردستان و لیستی ژمارە (١٨٤) بدەین.**

**ئەمریکا و رووسیا ئامانجی جیاوازیان هەیە لە سووریا و لە شەڕەکەشدا هەوڵی بەدیهێنانی دەرئەنجامی جیاواز دەدەن، بەڵام پێم وانییە رەوشەکە گەیشتبێتە دۆخی شەڕی سارد**

**شازادەی جێنشینی سعودیە رابەری باڵای ئێران بە هیتلەر دەچووێنێت و بە ئاشکرا رایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی ئێران خراپترە لە ئەڵمانیای نازی، چونکە بە قسەی ئەو ئەڵمانیای نازی تەنیا ویستی ئەوروپا کۆنترۆڵ بکات، بەڵام کۆماری ئیسلامی دەیەوێت جیهان کۆنترۆڵ بکات**

**تاوەکو بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا بێت، ئەوا سەرچاوەی سەرەکیی کێشەکە لەئارادا دەمێنێت و ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی سووریاش کە بوونەتە ئاوارە و پەنابەر بۆ شوێنی خۆیان ناگەڕێنەوە**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئەمریکا و رووسیا ئامانجی جیاوازیان هەیە لە سووریا و لە شەڕەکەشدا هەوڵی بەدیهێنانی دەرئەنجامی جیاواز دەدەن، بەڵام پێم وانییە رەوشەکە گەیشتبێتە دۆخی شەڕی سارد. ئەم هێرشە سەربازییانەی ئەم دواییەش هیچ کاریگەرییان نەبوو لەسەر پێگەی رووسیا لە سووریا. راستە رووسیا بە ئاشکرا – لە راگەیاندنەکانی و لە رێی نوێنەرەکەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان- رەخنە لەم هێرشانە دەگرێت، بەڵام لە راستیدا رووسیا خۆشحاڵە کە ئەم گورزانە کاریگەرییان نەبووە لەسەر بوونە سەربازییەکەی لە سووریا، هەروەها کاریگەرییان نەبووە لەسەر رژێمی ئەسەدیش. هەرچۆنێك بێت بارگرژییەکی روو لە هەڵکشان هەیە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە رووسیا بە قووڵی تێوەگلاوە لە سووریادا، هێزی ئاسمانی و سەربازی هەیە لەو وڵاتەدا، کەسانی بەڵێندەری رووسی هەن لە سووریادا و رووسیا داراییەکی زۆری خستۆتەگەڕ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە شەڕی ئەو وڵاتەدا. ئەمە بە پێچەوانەی ئەمریکاوە کە هەر لە سەرەتاوە ئیدارەی ئۆباما پێیوابوو دۆخی سووریا گرنگی نییە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئاسایی نەتەوەیی ئەمریکا، لەبەر ئەوە هەوڵی نەدا بە چەشنی رووسیا، یان ئێران لە دۆخی سووریاوە تێوەبگلێت.

*** کەواتە پێتوانییە ئەم هێرشانە ببنەهۆی گۆڕینی رێساکانی گەمەکە، یان گۆڕینی رەوتی رووداوەکان؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە، چونکە هەواڵەکان ئەوەیان بڵاو کردەوە کە لەگەڵ رووسیادا هەماهەنگی کراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم هێرشانە، واتە رووسیا ئاگادار بوو کە ئەم هێرشانە ئەنجام دەدرێن و دەیزانی کە چ جێگایەك دەکرێتە ئامانج، هەروەها رووسیا سیستمی بەرگری ئاسمانی بەکار نەهێنا و زۆر قسەکرا لەلایەن رووسیاوە کە رێگری لە مووشەکەکان دەکرێت، بەڵام هیچ یەکێك لەمانە روویان نەدا. هەروەها ئەمە درێژەدان بوو بەو سیاسەتەی کە ئەمریکا و رووسیا لەسەری رێککەوتوون کە نابێت لە یەك کاتدا فڕۆکەکانی رووسیا و ئەمریکا لە ئاسمانی سووریادا بسووڕێنەوە، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین تێگەیشتنێکی سەرەکی هەیە لە نێوان رووسیا و ئەمریکا کە دۆخی سووریا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە بۆ ئەمریکا، لەبەر ئەوە خۆی تێوەناگلێنێت لە رەوشی ئەو وڵاتەوە و ئەمەش دەرفەت واڵا دەکات بۆ ئەوەی رووسیا و ئێران رەنگرێژیی رەوتی رووداوەکان بکەن بەو شێوەیەی کە بە پێویستی دەزانن. هەروەها هیچ هێزێکی جیهانی بەرهەڵستی پێگەی رووسیا ناکات لە سووریا.

*** بەڵام ئایا ناکرێت ئەم هێرشانە لە چوارچێوەی هەوڵێکی بەرفراوانتری رۆژئاوا لێك بدەینەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی رووسیا، بەتایبەتی کە ئەمە هێرشێکی سێ قۆڵی بوو، هەروەها بەم دواییە ئەمریکا و چەند وڵاتێکی ئەوروپی کۆمەڵێك دیپلۆماتکاری رووسییان لە وڵاتەکەیان دەرکرد؟**

- ئەوەی لەم رووەوە دەتوانم بیڵێم، ئەوەیە کە باگرژییەکان قووڵ دەبنەوە، چونکە دەرکردنی ئەو دیپلۆماتکارانە، قسەوباسی ئەم دواییە دەربارەی سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر رووسیادا لە بەرامبەر پشتیوانیکردنی بۆ رژێمی ئەسەد بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، کەواتە بە دڵنیاییەوە دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و ئاشکرایە ئێمە بەرەو بارگرژی زیاتر و بەرەو ناکۆکی زیاتر دەڕوین. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێمان نەناوەتە دۆخی هاوشێوەی شەڕی ساردیساڵانی پەنجاکان و شەستەکان و سەروەختی قەیرانی مووشەکەکان لە کووبا و ناکۆکییەکی گەورەی جیهانی. هەروەها ئەمە لە دۆخی سووریاشدا رووی نەداوە، مەبەستم ئەوەیە ئەمریکا ئەوەی لەبەرچاو گرتووە کە ئایندەی سووریا لەلایەن رووسیاوە کۆنترۆڵ کراوە و ئەمریکا بەرگری و بەرهەڵستی ناکات لە هەوڵەکانی رووسیا بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە لە سووریا. کەواتە بەڵێ، دۆخەکە بەرەو بارگرژی زیاتر دەچێت. هەروەها ترەمپ لە دۆخێکی دژواردایە، چونکە ئەو سەرکردەی هێزی باڵای جیهانییە (سوپەرپاوەر) و بوار دەدات کە رووسیا پەرە بە دەسترۆیشتویی خۆی بدات لەسەر ئاستی جیهانی و دوودڵە لەوەی کار بۆ پاشەکشە پێکردنی ئەم دەسترۆیشتوییە بکات. تەنانەت ترەمپ بەرژەوەندی و بزنسی هەیە لەگەڵ پوتیندا. چونکە بە پێی هەواڵەکان

کاتێك دۆناڵد ترەمپ بیستوویەتی کە واشنتۆن بە نیازی دەرکردنی ٦٠ دیپلۆماتکاری رووسییە، ئەوا لە میانەی کۆبوونەوە ناوخۆییەکاندا تووڕە بووە لە زۆریی ئەو ژمارەیە، چونکە ئەو پێی وا بووە کە ژمارەیەکی کەمتر دەردەکرێن. واتە ئەمریکا لە ئێستادا سەرۆکێکی هەیە کە ئامادە نییە بە چەشنی هەر سەرۆکێکی دیکەی ئەمریکا تەحەددی پێگەی رووسیا بکات لە سەرجەم بەشەکانی جیهان، ئیدی لە ئەورووپای رۆژهەڵات بێت، یان ئۆکرانیا، یاخود سووریا.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین هەموو کارتەکانی دۆخی سووریا بە دەستی رووسیاوەیە؟**

- بەڵێ، دەکرێت ئەمە بە روونی لە پرۆسە سیاسییەکەدا بەدی بکەیت، ئەوەی پێی دەوترێت پرۆسەی ئاشتیی ئاستانا کە رووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا کۆنترۆڵی پرۆسەکەی کردووە، واتە دەتوانین بڵێین ئێستا هەوڵەکانی دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی لە دەستی مۆسکۆدایە، ئەمە لە رووی سیاسییەوە. هەروەها لە رووی سەربازییشەوە رووسیا وەك هێزێکی گەورەی جیهانی بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئێران رەنگرێژی رەوت و رووداوەکانی شەڕ دەکەن. ئێستاش هیچ هێزێکی دەرەکی نییە کە ئامادە بێت لەسەر ئاستی جیهان و لە رووی سیاسییەوە بەرەنگاری رووسیا ببێتەوە، یاخود لە رووی سەربازییەوە لە ناو سووریادا لە روویدا بوەستێتەوە.

*** بەڵام زۆر کەس پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە ئەمریکا، سووریا بە چەشنی ئەفغانستان بکاتە زۆنگاوێك بۆ رووسیا، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەمریکا سەرکەوتووە بووە لەم رووەوە، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەمە راستە، چونکە سەرۆك ئۆباما پێشبینی ئەوەی کرد کە رووسیا لە زۆنگاوەی سووریاوە تێوەدەگلێت، هەروەها پێشبینی ئەوەی کرد کە رووسیا لە سووریادا دووچاری هەمان چارەنووسی ئەمریکا لە عێراقدا دەبێتەوە. بەڵام دەبێت راشکاو بین، دەستتێوەردانی رووسیا لە سووریا ئەم دەرئەنجامەی لێنەکەوتەوە. تەنیا یەك حاڵەت نەبێت کە مایەی ئیحراجی بوو بۆ رووسیا کە لە بەشی رۆژهەڵاتی سووریادا روویدا، کاتێك هێزەکانی ئەمریکا هێرشیان کردە سەر چەند هێزێك کە کاریان بۆ سوپای


سیاسی

١٨٤




## تریفە جاسم ئەسەد

**کاندیدی ژمارە ٤**

**لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**دەنگ دەدەین بە پارتی دیموکراتی کوردستان، لیستی ژمارە ١٨٤، بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان. بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانی خەباتی٧٠ ساڵەی کورد و گەیشتن بە چارەسەری بنەڕەتیی کێشەو گرفتەکانی نێوان کوردستان و بەغدا و وەرگرتنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان گەڕانەوەی کەرکووکی دڵی کوردستانی داگیرکراو دەنگ بە پارتی دەدەین.**

ڕووسیا دەکرد و بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان چەند سەت کەسیان لێ کوژرا-ئەگەرچی ئەمە لە ڕاگەیاندنەکانی ڕووسیا باسی لێوە نەکرا، بۆ ئەوە ڕای گشتی لێ ئاگادار نەبێت-، واتە جگە لەو ڕووداوە ڕووسیا ڕانەکێشراوەتە نێو ئەو زۆنگاوەوە، یاخود دوچاری ئەو شکستە سەربازییە نەبووە کە سەرۆک ئۆباما پێشبینی دەکرد. ڕەنگە ئەمە لە ئایندەدا ڕووبدات، بەڵام تا ئێستا ڕووسیا دوچاریی زیانێکی گەورەی سەربازی نەبۆتەوە.

*** لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا نوێنەری هەمیشەیی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، نیکی هایلی، باسی لەوە کرد کە تاوەکو ئەمریکا سێ ئامانج بەدەست نەهێنێت (سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران و ڕێگرتن لەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بەرگرتن بە دروستبوونەوەی داعش لە سووریا)، ئەوا لەو وڵاتە ناکشێتەوە، بەڵام سەرۆک ترەمپ دەڵێت دەمانەوێت بە زووترین کات بکشێینەوە، خوێندنەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ناتوانین هیچ پێشبینییەك بکەین لەم ڕووەوە، چونکە لە ئەمریکادا کەسێك جڵەوی بڕیاری و سیاسەتی بەدەستەوەیە کە زۆر سەرقاڵە بە کێشە ناوخۆییەکانەوە، واتە ترەمپ ناتوانێت تەرکیز لەسەر سیاسەتی وڵاتەکەی لە سووریادا بکات، کاتێك بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانیەوە سەرقاڵ دەبێت. هەروەها بەم دواییە سەرۆکی پێشوی ئێف بی ئای کتێبەکەی خۆی بڵاوکردەوە و ترەمپی تووڕە کرد، کەواتە لەم دۆخە ناکرێت ئەمریکا سیاسەتێکی تایبەت بە سووریا دابڕێژێت. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە سیاسەتێکی ڕوون و جێگیر نییە کە ئاماژەی پێ بکەین.

*** کەواتە ئاست و ئەندازەیەکی گەورەی نادڵنیایی و تەمومژی هەیە؟**

- بەڵێ، ئەمە تەواو ڕاستە.

*** ئایا پێتوایە لە ئایندەدا سووریا بە ئەمری واقیع دابەش دەبێت بەسەر ناوچەی دەستڕۆیشتوویی نێوان ڕووسیا و ئێران و تورکیادا؟**

- ئەمە دیار نییە، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا ڕوویداوە بوونی چەند ناوچەیەکی نفووزە، بۆ نموونە تورکیا کۆنترۆڵی سنوورەکانی باکووری کردووە، ڕووسیا و ئێران دەستڕۆیشتوون لە بەشی ڕۆژئاوای وڵاتەکە، کە ناوچە و چەقی دانیشتووانی لێیە، لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانە کوردەکانی (یەپەگە) بوونی هەیە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا، واتە لە ئێستادا جۆرێك لە دابەشبوون هەیە. بەڵام کەس نازانێت لە ئایندەدا چی ڕوودەدات. ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە هەموو لایەك بانگەشەی ئەوە دەکات دەبێت یەکپارچەیی خاکی سووریا بپارێزرێت، بەڵام لە واقیعدا چەند ناوچەیەکی جیاوازی دەستڕۆیشتوویی لەو وڵاتەدا هەن، ڕوونیش نییە کە تا چەند ئەمە درێژە دەکێشێت. هەرچۆنێك بێت یەکێك لە نیگەرانییەکانی من ئەوەیە کە ئەم دۆخەی ئێستای سووریا ببێتەهۆی ئەوەی ئەم وڵاتە ببێتەوە بە گۆڕەپانی ئیسلامییە ڕادیکاڵە توندڕەوەکان- کە ئەمە ئاکامی جیهانیشی لێدەکەوێتەوە- چونکە هێشتا ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە لە ئارادا ماوە کە بووە هۆی دروستبوونی داعش، کە ئێمە لە هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا ڕەنگدانەوەی ئەمە دەبینین.

*** کەواتە پێشبینی داڕووخان و تێکچوونی خێرای دۆخەکە دەکەیت بە چەشنێك کە زەمینەی سەرهەڵدانی ڕێکخراوێکی دیکەی تیرۆریستی بێتەئاراوە؟**

- بەڵێ، لەبەر ئەوەی هۆکاری ڕیشەیی و بنەڕەتی شەڕی سووریا بەشار ئەل ئەسەدە، ئەوەندەی من تێبینیم کردبێت، بەشار ئەسەد لاواز نابێت، بەڵکو پێگەی بەهێز دەبێت، هەروەها ئەمریکا نایەوێت لە دەسەڵات دووری بخاتەوە و تەنانەت کاتێك ئەمریکا هێرش دەکاتە سەر سووریا، ئەوا ئەمە نابێتەهۆی لاوازکردنی پێگەی ئەسەد. کەواتە تاوەکو بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا بێت، ئەوا سەرچاوەی سەرەکیی کێشەکە لەئارادا دەمێنێت و ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی سووریاش کە بوونەتە ئاوارە و پەنابەر بۆ شوێنی خۆیان ناگەڕێنەوە، تاوەکو ئەسەد لە دەسەڵاتدا بێت، هەروەها ئەگەر بشیانەوێت بگەڕێنەوە ئەوا ماڵ و حاڵ و خانووەکانیان وێران بووە و کێ وڵات و خانووەکانیان بۆ بنیاد دەنێتەوە؟ چونکە ئەوروپا، یان سعودیە و وڵاتانی

**هەموو لایەک بانگەشەی ئەوە دەکات دەبێت یەکپارچەیی خاکی سووریا بپارێزرێت، بەڵام لە واقیعدا چەند ناوچەیەکی جیاوازی دەستڕۆیشتوویی لەو وڵاتەدا هەن، ڕوونیش نییە کە تا چەند ئەمە درێژە دەکێشێت**

**ئەمریکا لە ئێستادا سەرۆکێکی هەیە کە ئامادە نییە بە چەشنی هەر سەرۆکێکی دیکەی ئەمریکا تەحەددی پێگەی ڕووسیا بکات لە سەرجەم بەشەکانی جیهان، ئیدی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بێت، یان ئۆکرانیا، یاخود سووریا**

**ترەمپ لە دۆخێکی دژواردایە، چونکە ئەو سەرکردەی هێزی باڵای جیهانییە (سوپەرپاوەر) و بوار دەدات کە ڕووسیا پەرە بە دەستڕۆیشتویی خۆی بدات لەسەر ئاستی جیهانی و دوودڵە لەوەی کار بۆ پاشەکشە پێکردنی ئەم دەستڕۆیشتوییە بکات**

کەنداو دارایی ناکەنە دەستی بەشار ئەسەدەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکە. کەواتە کاتێك بە ملیۆنەها کەس ئاوارە بن و هیچ هەوڵێك بۆ ئاوەدانکردنەوە و بنیادنانەوەی وڵاتەکە نەدرێت و بەشار ئەسەد لە دەسەڵات بێت و پشتیوانی بکرێت لەلایەن ئێران و رووسیاوە، ئەوا لە ناوچەکانی دیکە گرووپە توندڕەوەکان سوود لە بێئومێدی و تووڕەیی و بێزاری خەڵك وەردەگرن بۆ مەبەستی خۆیان.

*** هەروەك دەزانن لە ئێستادا شازادەی جێنشینی سعودیە بە شێوەیەکی زەقتر و راستەوخۆتر دژایەتی خۆی بۆ ئێران دەردەبڕێت، ئایا پێتوایە ئەم کارانەی محەمەد بن سەلمان دەبنە هۆی چڕبوونەوەی ناکۆکییەکە تایفەگەری و ناوچەییەکەی نێوان ئێران و سعودیە؟**

- بەڵێ، ئەمە ئاشکرایە، چونکە ئەگەر ئێمە لە لێدوانەکانی شازادەی جێنشین بڕوانین — کاتێك بە سەردان لە ئەمریکا بوو-، ئەوا ئەو خۆی ئامادە دەکات بۆ شەڕ لەگەڵ ئێراندا. شازادەی جێنشینی سعودیە رابەری باڵای ئێران بە هیتلەر دەچووێنێت و بە ئاشکرا رایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی ئێران خراپترە لە ئەڵمانیای نازی، چونکە بە قسەی ئەو ئەڵمانیای نازی تەنیا ویستی ئەورووپا کۆنترۆڵ بکات، بەڵام کۆماری ئیسلامی دەیەوێت جیهان کۆنترۆڵ بکات. کەواتە ئەگەر لە لێدوانەکانی بڕوانین، ئەوا خۆی بۆ ناکۆکییەکی قووڵ ئامادە دەکات لەگەڵ ئێراندا و ئومێدی ئەوە دەکات کە دۆناڵد ترەمپ هاوکاری بکات، واتە سعودیە ئومێدی ئەوە دەکات کە لە رێی پتەوکردنی هاوپەیمانێتی و کڕینی زیاتری چەکی ئەمریکی و دوای ئەوە دۆناڵد ترەمپ لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەکشێتەوە، دەرفەتی ئەنجامدانی کردەوەیەکی هاوبەشی سەربازی لەدژی ئێران دروست ببێت. ئەمەش مایەی ناسەقامگیرییەکی زیاتر دەبێت لە ناوچەکەدا، چونکە ئەگەر ئێران و سعودیە راستەوخۆ رووبەڕووی یەکتر ببنەوە، ئەوا تەواوی ناوچەکە گڕدەگرێت.

*** کەواتە تاوەکو ئایندەیەکی نزیك ئەم نادڵنیایی و ناسەقامگیرییە باڵ بەسەر ناوچەکەدا دەکێشن؟**

- بەڵێ ئەمە راستە.

184




# د. کاوە شێروانی

**کاندیدی ژمارە ٢٢**
**لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**دەنگدەدەین بە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەدیهێنانی تەبایی و یەکرێزی ماڵی کوردو بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانمان لە عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتیدا و بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ سەر کوردستان.**



**عمران ئەل بەدەوی**

**بەڕێوەبەری پڕۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هیوستن بۆ گوڵان:**

# ترەمپ و ناوەندەکانی پارتی کۆماری دەیانەوێت شەڕێکی نوێ لە ناوچەکەدا هەڵبگیرسێنن بەتایبەتی لە دژی ئێران

عمران ئەل بەدەوی پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی هیوستن، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك وزەو کۆمەڵگە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها دامەزرێنەری پرۆگرامی دیراساتی عەرەبییە لە هەمان زانکۆ. بۆ تاوتوێکردنی ئەو دۆخە پڕ لە پشێوی و ئاڵۆزەی کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، بەتایبەت لە پەیوەندی بە هەڵوێست و سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانەی بەم دواییە لە ئیدارەی ئەمریکادا ئەنجامدران. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بۆچوونەکانی کرد.

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، بەتایبەتی لەبەر رۆشنایی ئەو پەرەسەندنانەی بەم دواییە لەم ناوچەیەدا روویاندا؟ ئایا پێتوایە ئایا رەوتی رووداوەکان ئایندەی ئەم ناوچەیە بەرەو کوێ دەبەن؟**

- زەحمەتە ئەمە یەکلابکەینەوە. لەلایەك دەتوانین بڵێین دەست بەکاربوونی راستڕەوەکان- هەڵۆکان لە ئیدارەی ئەمریکا- کە پشتیوانییان لە داگیرکاری نایاسایی عێراق کرد، وەك جۆن بۆڵتۆن، لێدانی زەنگی مەترسییە. چونکە ئەوە


١٨٤




# حوسێن شێخ خزر

**کاندیدی ژمارە ٣٥**
**لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان**

دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان، دەنگدانە بە کورد و کوردستان، دەنگدانە بۆ دەوڵەتی کوردستان و بەدەستهێنانی ئاواتەکانی گەلی کوردستان.

تەنیا پارتی دەتوانێت یەکڕیزی و یەکدەنگی لەعێراقدا بۆ کورد دروست بکات. هەر بۆیە باشترین نوێنەر و پارێزەری مافەکانی گەلی کوردستان لە عێراقدا پارتی دیموکراتی کوردستانە بە رابەرایەتی سەرۆک مسعود بارزانی.

**زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئایندەی ناوچەکە بکەین، لە کاتێکدا کە تەواوی ناوچەکە لە دەرئەنجامی ئەم رکابەرییە وێرانکارەوە بەرەو ناسەقامگیری و شەڕی زیاتر دادەخزێت**

**بۆڵتۆن و ئیسرائیل بوون کە هەماهەنگیان دروست کرد بۆ ئەنجامدانی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا لە دژی سووریا**

**سعودیە کۆنترۆڵی چارەنووسی یەمەن دەکات، ئەمە لە کاتێکدا ئێران و رووسیا، سووریا دەکەنە ناوچەی دەستڕۆیشتوویی خۆیان**

بۆڵتۆن و ئیسرائیل بوون کە هەماهەنگیان دروست کرد بۆ ئەنجامدانی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا لە دژی سووریا. لەلایەکی دیکەوە هێشتا ترەمپ دوودڵە لە هەڵگیرساندنی شەڕی نوێ، ئەمە سەرەڕای هەموو لێدوان و گوتارە توندەکانی، دەتوانین بڵێین کە هەردوو هێرشە ئاسمانییەکە (٢٠١٧-٢٠١٨) چەند ئاماژەیەکی بچووك بوون، نەك دەستێوەردانی جددی. ترەمپ لە سەرەتای دەست بەکاربوونیدا ستیڤن میللەری هێنایە نێو کۆشکی سپییەوە کە رەنگە رەگەزپەرستی و پشتیوانی ئەم کەسایەتیەش بۆ ئیسرائیل هۆکارێك بووبێت بۆ راگەیاندنی گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەم ساڵدا شەپۆلێکی توندوتیژی دروست بێت لەو خاکانەی کە پێی دەوترێت خاکی پیرۆز، دەرئەنجامەکەش تەنیا ئاڵۆزبوونی زیاتری ناسەقامگیری بوو لە ناوچەکەدا.

*** قسەیەك هەیە دەڵێت بەرپەرچدانەوەی رکاربەرەکانت ئاسانترە لە دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانەکانت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك دەستبەکاربوونی ستافی نوێی ئیدارەی ترەمپ- وەزیری دەرەوە و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی- بووەتە هۆی نیگەرانکردنی رکابەرەکانی ئەمریکا و دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانەکانی؟**

- من پێموایە ترەمپ زیاتر کار لەسەر بەرپەرچدانەوەی رکابەرەکان دەکات، نەك دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانەکانی، ئەویش لەبەر هۆکارێکی سەرەکی. من باوەڕم وایە ئەو حەز بە دەستێوەردان ناکات، بەڵام هەوڵ دەدات ئیدارەکەی بەو شێوەیە بخاتەڕوو کە ئیدارەیەکی سەرسەختە و سازش ناکات و دەیەوێت بەم شێوەیە بەرپەرچی دوژمنەکانی بداتەوە لە جیهاندا. هەرچۆنێك بێت، بوونی ئیدارەیەکی لەم چەشنە دەرئەنجامی پێچەوانەی هەبووە، چونکە بووەتە هۆی ئەوەی ترەمپ بە چەندین شێوە دەستێوەردان بکات لە ئیسرائیل و سووریادا، هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەش پێشێل بکات. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی وترا، ئەوا هەڵوێستی توندی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ئێراندا مایەی دڵنیاییەکی تەواوە بۆ ئیسرائیلی هاوپەیمانی. ئێستا ئەمە بووەتە کار و ئەرکی جۆن بۆڵتۆن، کە بریتییە لە دڵنیاکردنەوەی ئیسرائیل و بەرپەرچدانەوەی دراوسێکانی.

*** کەواتە ئێستا دەتوانین بڵێین کە چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەکات، ئەویش بە رەچاوکردنی هەڵوێستی توندی مایك پۆمپیۆ و جۆن بۆڵتۆن لە دژی ئێران و دژی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە؟**

- ترەمپ جاڕی کۆتاییهێنان بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی دا پێش ئەوەی پاشگەز ببێتەوە لە پابەندبوون بەم رێککەوتنە نێودەوڵەتییە پابەندکارەوە. ئەو دەوڵەتانەی دیکە کە واژۆیان لەسەر رێککەوتنەکە کردووە- (بەریتانیا، رووسیا، فەڕەنسا، چین و ئەڵمانیا)، بەردەوامن لە پابەندبوون بە رێککەوتنەکەوە. کەواتە هێشتا رێککەوتنەکە لەئارادا ماوەتەوە، بەڵام بە رادەیەکی گەورە لاواز کراوە. لەبەر رۆشنایی ئەوەی وترا، ئەوا ئەگەری ئەنجامدانی کردەوەیەکی سەربازی لە دژی ئێران، ئەگەرێکی زۆر راستەقینەیە. بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە جۆن بۆڵتۆن و مایکی پەمپیۆ بەرپرسیارێتیان لە ئیدارەی ئەمریکادا پێ سپێردراوە.

*** بەڵام ئەگەر لەبری هەڵوەشاندنەوە فشاری زیاتر کرا بۆ دووبارە گفتوگۆکردنەوە و داڕشتنەوەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ئایا ئاکام و دەرهاویشتەی ئەم هەنگاوە چی دەبێت؟**

- لە ئێستادا رێککەوتنەکە لە دۆخێکدایە کە هەرلایەك بەشی پەیوەست بە خۆی جێبەجێ دەکات، بە دڵنیاییەوە جگە لە ئەمریکا. بە بۆچونی من کاتێك بۆ دووەم جار ترەمپ ئەوە رەتدەکاتەوە کە واژوو لەسەر ئەوە بکات کە ئێران پابەند بووە بە رێککەوتنەوە و کاتێك سوپای پاسدارانی ئێران بە رێکخراوێکی تیرۆریستی لە قەڵەم دەدات، ئەوا ئەمە خۆی لە خۆیدا پاشگەزبوونەوەیە لە پابەندبوون بە رێککەوتنەکەوە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە بۆ دۆخی رابردوو، دۆخی سەپاندنی سزا و هەلومەرجی شەڕ. ئەگەر پرسیاری ئەوەش بکەین ئایا تا چ رادەیەك ئێمە لەم دۆخەدا رۆدەچین؟ ئەوا تەنیا

کات دەتوانێت وەڵاممان بداتەوە.

*** کەواتە دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە ئیدارەی ترەمپ هەوڵی گۆڕینی ڕژێمی ئێرانی دەدات، بەتایبەتی کە دەزانین جۆن بۆڵتۆن بە ئاشکرای پشتیوانی لە سیاسەتێکی لەم چەشنە دەکات؟**

- هەموو ئەگەرێك ڕێی تێدەچێت. هەروەها دەکرێت بڵێین کە ئیدارەی ترەمپ و ناوەندەکانی پارتی کۆماری دەیانەوێت شەڕێکی نوێ لە ناوچەکەدا هەڵبگیرسێنن، بەتایبەتی لە دژی ئێران. بەڵام ڕای گشتیی ئەمریکا لەگەڵ ئەمەدا نییە لەم ساتەوەختەدا، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە کردەوەیەکی تیرۆریستیی نوێ، یان ڕووداوێکی گەورە ڕووبدات کە ببێتەهۆی یەکخستنی وڵاتەکە و ڕای گشتی ئەمریکا بگۆڕێت. ئەو کاتەش بارودۆخێکی پڕ لە پشێوی و توندوتیژی باڵ بەسەر ڕەوشەکەدا دەکێشێت.

*** پەرەسەندن و پێشهاتێکی دیکە کە لە ناوچەکەدا ڕوودەدات بریتیە لەو گۆڕانکارییانەی کە لە سعودیە ڕوودەدات، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك ئەم وڵاتە دەیەوێت یان دەتوانێت سیاسەتێکی توندتر و سەختتر بگرێتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕکابەرە سەرەکییەکەی کە ئێرانە؟**

- سعودیە بەردەوامە لە کڕینی چەك و تەقەمەنی و قووڵکردنەوەی پەیوەندییە بازرگانی و سیاسییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا. هەروەها سعودیە شەڕکردنی لە دژی ئێران لە هەردوو وڵاتی یەمەن و سوریادا کردۆتە پرسێکی هاوبەش لەگەڵ ئەمریکادا، کە بە بۆچوونی من شەڕی خوێناوی نێو ئەم دوو وڵاتەش ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە یەکلاکردنەوەی دەرئەنجامەکە و لەوەی کێ براوە دەبێت، ئایا ئێران دەبێت یان سعودیە. تێڕوانینی من ئەوەیە کە هیچ یەکێك لەم دوو هێزە بە تەواوەتی باڵادەست نابێت، بەڵام سعودیە کۆنترۆڵی چارەنووسی یەمەن دەکات، ئەمە لە کاتێکدا ئێران و ڕووسیا، سووریا دەکەنە ناوچەی دەستڕۆیشتوویی خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئایندەی ناوچەکە بکەین، لە کاتێکدا کە تەواوی ناوچەکە لە دەرئەنجامی ئەم ڕکابەرییە وێرانکارەوە بەرەو ناسەقامگیری و شەڕی زیاتر دادەخزێت.




# ئەدیبە عەبدوڵا وەلی سەعید

## کاندیدی ژمارە ٩
## لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و ساڵانێکی درێژی خەباتی شاخ و شار، ئەزموونێکی پڕ ودروستی لە دانوستاندن و دیپلۆماتی هەیە، بۆیە دەنگدان بە پارتی واتای ئاسایش و ئارامی بەرقەرار بوونە، لە ڕووی نەتەوەاتیشەوە هەر پارتییە کە زامنی کلیلی چارەسەری کێشەی نەتەوەی کوردو کوردستان دەکات.
پارتی لە مێژووی خەباتی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، سەدان دەستکەوتی نەتەوەیی هەبووە کە گرنگترینیان بەڵگەنامەی بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٤ و ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بەبێ دوودڵی و گوێدان بە دوژمنانی کورد و کوردستان بووە. ئەگەر بپرسین: بۆچی دەنگ بە پارتی بدرێت؟ وەڵام و شیکردنەوەی هۆکارەکانی لە پەرتووکێکدا جێگەی نابێتەوە.



# هێرشە مووشەکییەکان و ستراتیژیەتی پەیوەست بە سووریا

چەند کاتژمێرێك پاش ئەوەی زیاتر لە ١٠٠ مووشەکی کرۆزی ئەمریکی و فەڕەنسی و بەریتانی چەند پێگەیەکی سووریایان کردە ئامانج- کە گریمانەی ئەوە دەکرێت شوێنی دروستکردنی چەکی کیمیایی بن- سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ لە تویتێکدا رایگەیاند: «گورزێك کە بە باشی جێبەجێکرا. نەدەکرا دەرئەنجامی باشتری لەوەش بەدەست بهێنایە. ئەرکەکە بەجێهێنرا.»

ئەو ئەرکەی کە «بەجێگەیەنرا» بریتی بوو لە ناردنی ئەو پەیامەی کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بێ باج تێناپەڕێت بەسەر ئەو کەسانەدا کە بەرپرسیارن لە بەکارهێنانی. لە باری میسالیدا، گورزی تۆڵەسەندنەوە وەك ئەو گورزانەی ئەم جارە دەبێتەهۆی سڵ پێ کردنەوەی حکومەتی سووریا، یان هەر حکومەتێکی دیکە لەوەی جارێکی دیکە چەکی کیمیایی بەکار بهێنێت و رێککەوتنی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی پێشێل بکات.

بەڵام روون نییە ئایا ترەمپ توانیویەتی ئەم کاریگەرییە بەدەست بهێنێت و رژێمی سووریا سڵ پێ بکاتەوە لە بەکارهێنانی ئەم چەکە.





# سەلام رەشید سادق سەعید

## کاندیدی ژمارە ٢٨
## لە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان

دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان، دەنگدانە بە مافی سەربەخۆیی کوردستان و زامنکردنی مافە نەتەوەییەکانمان.

دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بە بەهێزکردنی پێگەی کورد لە بەغدا. دەنگدانە بە بەجینۆساید ناساندنی قوربانییانی تووزخورماتوو. دەنگدانە بە گەڕاندنەوەی کەرکووک و بەشەکانی دیکەی خاکی کوردستان بۆ سەر کوردستان. دەنگدانە بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠). دەنگدانە بە نەهێشتنی جیاوازیی مەزهەبی و زامنکردنی ئازادی بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان.





**نووسینی: ریچارد هاس**

**لە سایتی پرۆجێکت سینیدیکەیت بڵاو کراوەتەوە.**

چەند گورزێکی بچووکتر لە ساڵی رابردوودا نەبوونە هۆی گۆڕینی رەفتاری رژێمی سووریا و ئەگەری ئەوەش نییە هێرشەکانی ئەم دواییە ئەم دەرئەنجامە بەدەست بهێنن. کەواتە ئەوەی حکومەتی بەشار ئەسەد بەدەستی هێنا لە رێی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە- وەك گرتنەوەی دوما و غوتەی رۆژهەڵات کە پێشتر بەدەستی یاخیبووەکانەوە بوو- زیاترە لەو باجەی دای لەبەرامبەریدا. هەروەها خەریکە بڵێین تەواو دڵنیاین کە حکومەتی سووریا هێشتا چەکی کیمیایی هەیە و توانای ئەوەی هەیە -چەکی

**چەند گورزێکی بچووکتر لە ساڵی ڕابردوودا نەبوونە هۆی گۆڕینی ڕەفتاری ڕژێمی سووریا و ئەگەری ئەوەش نییە هێرشەکانی ئەم دواییە ئەم دەرئەنجامە بەدەست بهێنن**

کیمیایی-زیاتریش بەرهەم بهێنێت، بە بێ ئەوەی ئاشکرا ببێت.

ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی بۆ سەپاندنی ڕێسای نێودەوڵەتی لە بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاییدا کارێکی ڕەوا و پێشوازی لێ کراوە، بە چەشنی بڕیاری هەماهەنگیکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا بۆ گرتنەبەری کاردانەوە و بۆ هەڕەشەکردن بۆ ئەنجامدانی هێرشی زیاتر ئەگەر هاتوو جارێکی دیکە چەکی کیمیایی بەکار هات. کە گرنگە بەرهەڵستییەکی قووڵ و بەرفراوان پیشان بدرێت بۆ بەکارهێنانی هەر چەکێکی کۆمەڵکوژ.

**بەکارهێنانی چەکی کیمیاییدا کارێکی ڕەوا و پێشوازی لێ کراوە، بە چەشنی بڕیاری هەماهەنگیکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا بۆ گرتنەبەری کاردانەوە و بۆ هەڕەشەکردن بۆ ئەنجامدانی هێرشی زیاتر ئەگەر هاتوو جارێکی دیکە چەکی کیمیایی بەکار هات**

لە هەمان کاتدا، پێدەچێت ئەمریکا کارێکی زۆری کردبێت بۆ خۆلادان لە بە ئامانجگرتنی هێزەکانی ڕووسیا و ئێران. ئەمەش بووە هۆی کەمکردنەوەی هەڵکشانەکە، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆتەهۆی کەمبوونەوەی ئەو ئامانجانەی دەکرێت هێرش بکرێتەسەریان، لە دەرئەنجامدا حکومەتی سووریاش باجێکی کەمتر دەدات لەبەرامبەر ئەو کارانەی ئەنجامی داون.

لەبەر ئەم هۆکارە و چەند هۆکارێکی دیکە، نابێت زیادەڕەوی بکەین لەو دەرئەنجامانەی کە هێرشە مووشەکییەکانی بەدەستیان هێناوە.

حکومەتی سووریا دەتوانێت سیاسەتی ئەمریکا بەم شێوەیە لێکبداتەوە: «ئێمە تەماشاکار دەبین و هیچ شتێك ناکەین لە کاتێکدا کە تۆ خەریکی ترساندن، یان کوشتنی خەڵکەکەتی ئەگەر بێت و چەکی کیمیایی بەکار نەهێنێت.» لە ڕاستیدا ئەمە حاڵەتەکە بووە لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا، کە نزیکەی نیو ملیۆن سووری کوژراون و زیاتر لە دە ملیۆن ناچارکراون ماڵ و حاڵی خۆیان جێ بهێڵن. سیاسەتی ترەمپ سیاسەتێکی ناموراڵی نییە، هێندەی ئەوەی سیاسەتێکە پەیوەست نییە بە موراڵەوە.

**ئەگەری ئەوە هەیە سووریا وەک وڵاتێکی تێکشکاو تا چەند ساڵی داهاتوو بمێنێتەوە و خاوەنی حکومەتێکی ناشەرعی بێت و زۆربەی بەشی وڵاتەکەش —نەک هەمووی- کۆنترۆڵ بکات**

لێرەدا ئەوەی شایستەی جەختکردنەوەیە ئەوەیە کە ئامانجی هێرشە مووشەکییەکان لاوازکردنی مانەوەی ڕژێمی ئەسەد نەبووە لە مەودای دووردا.

ئێستاش بەهۆی پشتیوانیی ڕووسیا و ئێرانەوە خانەوادەی ئەسەد جڵەوی کۆنترۆڵی بەدەستەوەیە و ئەگەری ئەوەش هەیە تا ئاییندەیەکی نزیك بەم شێوەیە بمێنێتەوە. ئەمە ڕاستییەکی تاڵە بەلای زۆر کەسەوە، بەڵام واقیعەکەیە.

کەواتە ئەمانە چ کاریگەرییەکیان دەبێت لەسەر سیاسەتی ئەمریکا و لەم ڕووەوە لەسەر سیاسەتی فەرەنسا و بەریتانیا و حکومەتە عەرەبییەکانی دژ بە ئەسەد؟ ترەمپ پابەندە بە کۆتاییهێنان بە بوونی سەربازی ئەمریکاوە (کە لە ئێستادا نزیکەی ٢٠٠٠ سەربازە) لە سووریادا. ترەمپ ئەمەی زۆر بە ڕوونی دەربڕی، کاتێك جاری ئەنجامدانی هێرشە مووشەکییەکانی دا: «ئەمریکا لە سایەی هیچ هەلومەرجێکدا نایەوێت بۆ کاتێکی نادیار لە سووریادا بمێنێتەوە»، هەروەها ڕایگەیاند: «لە کاتێکدا کە نەتەوەکانی دیکە بەشداری زیاتر دەکەن، ئەوا ئێمە چاومان لەوەیە ڕۆژێك بێت و جنگاوەرەکانمان بگەڕێنینەوە بۆ وڵاتەکەمان.»

بەڵام ئەگەر ئامانجەکە ئەوە بێت خۆمان لە دۆخێك لابدەین، کە تێیدا داعش، یان گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە بتوانن خۆیان ڕێکبخەنەوە، ئەوا ئەو ڕۆژە زۆر دوورە.

باس لەوە دەکرێت کە ئەمریکا هەوڵی ئەوە دەدات قەناعەت بە میسر، سعودیە و ئیمارات و ئەردەن بکات بۆ دروستکردنی هێزێکی سوننی کە هەوڵی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری بدەن لەو ناوچانەی لەژێر دەستی داعش ڕزگارکراون. بەڵام تەواو ڕوون نییە کە ئایا ئەم هێزە دادەمەزرێت و تەنانەت لەوەش دڵنیاین کە ئەگەر بێت و دابمەزرێت، ئەوا بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم وڵاتانە توانایەکی کەم و پابەندبوونێکی چریان هەیە. واتە لەو کاتەشدا پێویستمان بە بەشداری و بوونێکی گەورەی سەربازیی ئەمریکا دەبێت.

هەروەها بەردەوامبوونی بوونی سەربازیی ئەمریکا پێویستە بۆ درێژەدان بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ هێزە کوردییە سوورییەکاندا، کە زۆربەی شەڕەکەیان لە دژی داعش ئەنجام داوە. بەڵام ڕەنگە درێژەدان بە پشتیوانیکردنی کورد بە بێ دروستکردنی کێشەی زیاتر لەگەڵ تورکیا- کە هێزێ هێناوە بۆ لاوازکردنی ئەو ناوچانەی لەلایەن کوردەوە کۆنترۆڵ کراون- کارێکی مەحاڵ بێت. واقیعەکە پێمان دەڵێت دەبێت

سوپای ئەمریکا کەمتر پشت ببەستێت بە دەستڕاگەیشتن بە بنکەکانی تورکیا.

ترەمپ هیچ شتێکی نەوتووە لەبارەی ئەو سوورییانەی لە ناوخۆدا ئاوارە بوون. ئەمریکا کە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو ١٠،٠٠٠ پەنابەری سووری وەرگرتووە، لە ئێستادا بواری وەرگرتنی ئەو پەنابەرانەی کەم کردۆتەوە و ژمارەیەکی کەمی وەرگرت لە ساڵی رابردوودا. ئێستا ئەو مەسەلانە بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە کە پەیوەستن بەوەی پێویستە کێ دارایی دەستەبەر بکات بۆ پەنابەرە سوورییەکان و دەبێت چەند دەستەبەر بکەن و ئەوانەی پەیوەستن بەو وڵاتە دراوسێیانەی کە وەریان گرتوون.

دوایین پرسیار پەیوەستە بە دیپلۆماسییەوە. ئومێدێکی واقیعبینانە نییە لەبارەی دارشتنی قۆناغێکی راگوزەری سیاسی لە دیمەشقدا، بەڵام دەکرێت ئاگربەستی مەحەلی بهێنرێتەئاراوە و ئەو ناوچانە دروست بکرێن کە خەڵکی مەدەنی سووریا ( بەڵام نەك هێزەکانی حکومەت) بتوانن تێیدا سەلامەت بن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم رێوشوێنانە پێویستیان بە پشتیوانی و بەشداری رووسیا بێت بۆ ئەوەی حکومەتەکانی سووریا و ئێران بێنەسەر خەت. بەم دواییە رووسیا ناپەرپرسیارانە رەفتاری کرد، بەڵام هێشتا دەرفەتی ئەوە هەیە کە بتوانێت هاوکارییەکی سنووردار دەستەبەر بکات، ئەویش تەنیا ئەو کاتەی کە کارێك بکرێت باجی سیاسەتەکەی بدات لە سووریادا.

هەرچۆنێك بێت، هیچ یەکێك لەم هەنگاوانە نابنەهۆی هێنانەئارای چارەسەرێك، بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە سووریا وەك وڵاتێکی تێکشکاو تا چەند ساڵی داهاتوو بمێنێتەوە و خاوەنی حکومەتێکی ناشەرعی بێت و زۆربەی بەشی وڵاتەکەش —نەك هەمووی- کۆنترۆڵ بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەمریکا پەلە نەکات لە کشانەوە، ئەگەر حکومەتە سوننەکان بە سەرباز و دارایی بەشداری بکەن و ئەگەر بتوانرێت قەناعەت بە مۆسکۆ بکرێت بۆ ئەوەی رۆڵێکی تا رادەیەك بنیادنەر بگێڕێت، ئەوا دەکرێت توندوتیژی سنووردار بکرێت و دۆخی لانیکەمی هەندێ لە سوورییەکان باش بکرێت.





## پارێزەر تریفە نامق ئیسماعیل بڵباس

**کاندیدی ژمارە ١٦ی**
**لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی:**

**وەکو پارێزەرێکی ئافرەت داکۆکیکارێکی سەرسەخت دەبم بۆ دابینکردنی مافەکانی بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و بە هەموو توانایەکەوە هەوڵ دەدەم بۆ باشترکردنی بژێوی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و هەروەها بە پشتیوانی یاسایی ژیانێکی شایستە بۆ خانەنشینان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دابین بکرێت و دەبێت هەموو هەوڵێک بدەین بۆ نەهێشتنی پاشەکەوت لەسەر مووچەی فەرمانبەران و گێڕانەوەی شایستە داراییەکانیان و یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش، دەنگدەرانی بەڕێزیش دڵنیا دەکەینەوە کە خۆمان بۆ خزمەتکردنی زیاتر بە دۆزی کورد و پاراستنی دەستکەوتەکان و نەهێشتنی پێشێلکارییە دەستوورییەکان و گێڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئامادە کردووە.**